# چەنــــد

## سەرنجێك دەربارەی

# هۆزەكانی كوردستانی خواروو

**مێجەر ئی. ب. سۆن**

ئەفسەری سیاسی، خانەقی

لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی بۆ كوردی،

پەراوێز و پێشەكی

**نەجاتی عەبدوڵڵا**

بنكەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٧

٩٢٠,٥٣٢١
م ٤٥٩ مێجەر سۆن
چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەكانی كوردستانی خواروو/ دانانی مێجەر
سۆن؛ لەئینگلیزییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵلا.ـ
سلێمانی: بنكەی ژین، ٢٠٠٧.
٢١٨ل: (١٤,٥×٢١ سم)، بەڵگەنامە، ئەلبوومی وێنە، ئیندێكسی ناو.
١-هۆزو خێڵاتی كورد- كوردستانی خواروو- لێكۆڵینەوە ٢-نەجاتی
عەبدوڵلا (وەرگێڕ) ٣-ناونیشان
كتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پێرستو پۆلێنی ئامادە كردووە

## سەرپەرشتی لەچاپدراوەكانی بنكە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ٦٩
كتێب: چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەكانی كوردستانی خواروو
نووسینی: ئی.ب. سۆن
بابەت: مێژوو و ئەتنۆگرافیا
لەئینگلیزییەوە وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵلا
تایپ و مۆنتاژ و هەڵەچنی: وەرگێڕ
بەرگسازی: قادر میرخان
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٠٠٠
نرخ: ٢٥٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ٧٢١ی ساڵی ٢٠٠٧
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

لەم سەرچاوەیەوە وەرگێڕدراوە: Major E. B. Soane, Notes on the Tribes of Southern Kurdistan, Government Press, Baghdad, 1918.

لە بڵاوكراوەكانی
بنكەی ژین
بۆ بووژاندنەوەی كەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی كوردی
هەرێمی كوردستان: سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەكی ١٠٥، كۆڵانی ٥، خانووی ٢٣
نۆرمال: ٣١٢٩١٠٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
E. Mail: bnkaizhin@yahoo.com سنووقی پۆست: ١٤



MAJOR E. B. SOANE
C.B.E.

# پێشەکی وەرگێڕ

ڕەنگە یەکێك لە لایەنە زۆر دیار و بەرچاوەکانی مێژوو و کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ خۆی بریتیبێ لە مێژووی هۆز و عەشیرەتگەری و ئەمە ڕەنگە بەو مانایەش بێت کە قسەکردن لەسەر خێل و هۆزی کورد بۆ خۆی قسەرکردن بێ لەسەر مێژووی کورد. ئامادەبوونی خێڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا هێندە بەهێزە کە هەموو کولتوور و مێژووەکەی بەجۆرێك لە جۆرەکان بریتییە لە مێژووی خێڵ و هۆزەکان.

ڕاستە خێڵ و دەوڵەت لە تیۆریای زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا نوێنەری دوو سیستمی کۆمەڵایەتیی جیاوازن کە لە ناکۆکییەکی بەردەوام دان، بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە کە بوارێك نەبێ بۆ پێکەوەژیانی دەوڵەت و خێڵ. مێژووی ڕۆژهەڵات ئەوەمان پێدەڵێ کە، تاوەکوو سەرەتای سەدەی بیستەمیش ناکۆکییە ئیتنیکییەکان لە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و خێل دا هەرگیز ئەو هێزە کاریگەرە نەبووە. بەپێچەوانەوە پێوەندی نێوان ئەم دوانە لەسەر توانای عەسکەری، سەرچاوەی ئابووریی و توانای ڕاگرتنی یەکسانیی هێز ڕاوەستابوو و جیاوازییە نەتەوەییەکان هەرگیز ئەو کاریگەرەییەیان نەبووە. بەشێك لە ئانترۆپۆلۆگ و سۆسیۆلۆگە ڕۆژئاواییەکان لە ڕوانگەی خوێندنەوەیێکی

تەواو تیۆرییەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە خێڵ چەمکێکی دەوڵەت نەویستە و دابڕانێکی گەورە لەنێوان خێڵ و دەوڵەتدا هەیە. بە قسەی پاتریشا هۆزەکان فاکتەرگەلی پێشکەوتن نین و هیچ ڕۆڵێکیان لە دروستکردنی دەوڵەتدا نییە. خێڵ بە ڕوویێکی تایبەتی لەسەر پێوەندییەکانی خزمایەتی دەوەستێ و لە ڕوانگەی سترەکتووری وەچەکان پێناسە دەکرێ و دەوڵەتیش لەسەر پێوەندییە نا کەسییەکان و بەندیوارییە پەیمانبەستییەکان دەوەستێ[1]، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا تەواو بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە خێڵ و دەوڵەت هێندە تێکەڵن کە خێڵ نەک هەر گروپێکی دەوڵەت ڕەفزکار نییە، بەڵکو ئەوە دەوڵەتە کە خێل دروستدەکات. ڕیچارد تاپەر، ئانترۆپۆلۆگی بریتانی هەقی بووە کە بڵێ " بە ڕوویێکی دیکە لە ناو هەر هۆزێك دا دەوڵەتێك هەیە و لەناو هەر دەوڵەتێکیشدا هۆزێك هەیە. دەوڵەت بە شێوەیەکی بەشیی (جزئي) لە ڕێگەی هۆزەوە دەناسرێ و هۆزیش لە ڕێگەی تێرمی دەوڵەت" دا[2]. لە چەند دەورانێکدا دەوڵەت بۆڕاگرتنی بالانس لە نێوان ئەکتەرەکاندا هەتا هۆزیشی دروستکردووە. لە ڕۆژهەڵات دەوڵەت لەیەك کاتدا هەم هۆز دروستدەکات و هەم لەناویشی دەبات. بەڵام دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێ کە، وەك مارتن ڤان بروینسن گووتەنی" نە هۆزە کۆچەرە

---

[1]R. O. Christensen, « *Tribes, States and Anthropologists* », In *MES*, V 22, n° 2, April 1986, p. 290.

[2] Richard Tapper, «Introduction », In *The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan*, Londres, Ed. Croom Helm, 1983, p.67.

گـەورەکان و نـە ئیمارەتـە (کوردییـەکان) بـە واتـەی تـەوای وشـەکە دەستکردی دەوڵەتی عوسمانی نەبوون"[3]

ئەمارەتە کوردییەکان کە بریتیبوون لە کۆنیفدراسیۆنی خێڵەکی و لە ڕووی جوگرافییەوە پارچە پارچە و نە هیچ کەناڵێکی پێکەوە بەند و نە هـیچ بنـەوانێکی ئـابووری پێکـەوەی کۆدەکردنـەوە. کۆمەڵگەیـەکی ترادسـیۆن و ئابوورییەکـەی بە پلـەی یەکـەم پـشتی بـە شـوانکارەیی و کـشتوکاڵکاری دەبەسـت و لـە برێـك ناوچـەی چیاییدا کـە لـە دوا ڕادەی هەژاری دەژیان، بەجۆرێك لە جۆرەکان وادەبوو ڕێگری ئاڵیکاری دەکردن لـە مانـەوەدا. پرسـی هۆزەکـان بریتیبـوو لـە هـەوڵدانێك بـۆ دروستکردنی ئەمارەتی سـەربەخۆ بـەڵام ئەسـتەموولْ دەیزانـی چـۆن یاریبکـات و چـۆن یەك دژی یەك بەشـەریان دا بـدات: " دوژمنی سـەرەکی کوردێك هەمیشە هۆزەکەی هاوسێیەتی"[4].

کۆمەڵگـەی ترادسـیۆنی کـورد کـە بـە ڕوپێکـی تایبـەتی لەسـەر شـوانکارەیی و کـشتوکاڵ دەژیـا و جگـە لـەوەش لـەناو گۆشـەگیرییەکی تـەواو و بەسـەرخۆدا شـکاوە دەژیـا. کـورد کـە بـەلای کەمییـەوە لـە سـەرەتای سـەدەی شـانزەهەمەوە ڕەعیـەتی ڕاسـتەوخۆی کۆمیونیتـەی موسـلمانێتی بـووە، کۆمەڵگەیـەکی خێڵـەکی و بـە بـێ ئـەوەی هـیچ کەلـەپورێکی کولتـووریی ئـاوا بـەهێزی هـەبێت، هـەرگیز نـەیتوانیووە بەشێوەیەکی سـەربەخۆ ناسنامەی سیاسیی خۆی بسەپێنێ. هۆیەکەی

---

[3] Martin Van Bruinssen, "*Les Kurdes, Etats et tribus*", In Hosham Dawod (sosu la dir.de), *Tribus et pouvoirs en terre d'islam*, Ed. Armand Colin, Paris, 2005, p.150.

[4] Georges Mutin, *Géopolitique du Monde Arab*e, Ed. Ellipses, Paris, 2001, pp. 93-94.

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیستمی کۆمەلایەتیی کۆمەڵگەی کوردەواری کە لەسەر عەشیرەتگەری و مۆدی بەرهەمهێنانی تەواو فیزیکییەوە سەرچاوە گرتبوو کە زۆربەی کات بەرهەمهێنان لەناوچە چیاییە دوورەپەرێز و دوور لەیەکەکان زۆر سەخت بووە[5]. لەناو ئەم فەزا داخراوە و ئەم سەرزەمینە چیاییە دوورە دەستانەدا بوار بۆ کاری بازرگانی یەکجار کەمە و دواجار ئەم دەروناوچانە بەهیچ شێوەیەك نابنە چاوگەی سەرهەڵدانی شاری گەورە بەمانای تەواو وشەکە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بە توندی لەناو بۆتەی کۆمەڵگەیەکی نەریتخواز و فۆلکلۆری دا نوغرۆ دەبن. وەك تۆمابوا گوتەنی هۆزە چیاییەکان بەگشتی و هۆزە کوردەکان بە تایبەتی بە سێ سیمای سەرەکی دەناسرێنەوە: جیهانێکی بچووکی بەسەرخۆدا داخراو و ئۆرگانیزمێکی داکۆکیکردن. ئەم دام و دەزگایە خاوەنی ڕەوتێکی نەریتخواز و کۆنسیرڤاتۆرە[6].

کوردستان ناوچەیەکی چیایی بووە و ڕێگەوبانەکانی سەخت بووە و شاری وا گەورەی نەبووە و هەمیشە لە پەراوێزی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی دا ژیاوە و ئابوورییە سەرەکیەکەی هەر لەسەر شوانکارەیی بووە و لە ڕووی ئیداریشەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەر لە پەراوێزی دەسەڵاتی عوسمانی دا ژیاون و دابڕاو لەگەڵ دونیای دەرەوە پێوەندییە خێڵەکییەکان زۆر بە توندی بەیەکەوەی

---

[5] Jean-Paul Chagnollaud et Sid-Ahmed Souiah, *Les frontières au Moyen-Orient*, Ed. L'Harmattan, Paris, 2004., p. 45.

[6] Thomas Bois, *Connaissance des Kurdes*, Ed,. Khayats, Beyrouth, 1966, pp. 31-32.

دەبەستنەوە و تا دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش تاك و تەرا ئەو ڕووناکبیرانەی کە هەیبوون لە شارە گەورەکانی وەك ئەستەنبووڵ، قاهیرە و میترۆپۆلەکانی ئەورووپادا دەژیان.

ئێمە کۆمەڵگەیەکی تا ناخی ئێسك عەشیرەتین و هیچ نهێنیش نییە کە، هەر بەراستی کوردستان بۆ خۆی مۆزایکی هۆز و تیرە و خێڵی جیاجیایە، کەچی بەداخەوە تا ئێستە نە لێکۆڵینەوەی ئاوا تێر و تەسەلمان بۆ سیستەمی هۆزایەتی کردووە و نە وەك پێویستیش بایەخمان بەو لایەنە داوە و ئەوەی لەوبارەشەوە نووسراوە بە پلەی یەکەم نووسراوی گەڕۆك و جاسووس و شۆفارەکانی ئینگلیزە کە بۆ مەبەستی تایبەتیی و نیازی داگیرکارانەی خۆیان چەند زانیارییەکیان بۆ بەجێهێشتووین کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە بەخێر شکاوەتەوە و خێری داوەتەوە. ئەم ڕاپۆرتەی مێجەر سۆن کە لێرەدا کراوە بە کوردی و زانیارییەکانی لە ساڵەکانی جەنگیی یەکەمی جیهانی کۆکراونەتەوە و ساڵی ١٩١٨ لە چاپخانەی حکومەت لە بەغدا چاپکراوە و هەر بەڕاستی ئەمڕۆ ئەم کتێبە بۆتە دەسنووس و ( بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی ئێمە) تەنها دانەیەك کە پارێزراو بێ ئێستە لەناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لەناو فایلی (١٥١٥٢٠) ٣٤٠٦ /FO 371 پارێزراوە* و من زۆر گەڕام نوسخەی دیکەم نە لە کتێبخانەی نیشتمانیی بریتانی و نە لە کتێبخانەی سواس و نە لە کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس دانەم بەرچاو نەکەوت. بۆیە دوای کردنە کوردی ئەم ڕاپۆرتە پێمان باش بوو تەواوی ڕاپۆرتەکەش بە ئینگلیزی وەکوو خۆی چاپ بکەینەوە هەم بۆ دووبارە بەردەستخستنی نوسخەی ئینگلیزییەکە بۆ ناو کتێبخانەی

* The National Archives, (Kew). UK.

کوردی و هەم بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ بۆ کاری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی خۆیان بە ئینگلیزی سوود لە ڕاپۆرتەکە ببینن. دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ئەم ڕاپۆرتە هەر دوای بڵاوبوونەوەی چاپە ئینگلیزییەکە، ساڵی ١٩١٩ بە مەبەستی زانیاری کۆکردنەوە لەبارەی تیرە و هۆزە کوردییەکان و ناسینی کوردستان بۆ کاری شۆفاری کراوە بە فرانسی بەڵام وەرگێڕانە فرانسییەکە ناتەواوە و کۆپیەکی ئەم ڕاپۆرتە بە فرانسی ئێستە لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا و ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرانسا پارێزراوە و کۆپی دانەیەکیشی لە ئەرشیڤی ئێمەدا پارێزراوە کە من لە وەرگێڕانی ئەم ڕاپۆرتەدا، کەم و زۆر سوودم لە وەرگێڕاوە فرانسییەکەش وەرگرتووە.

دواجار دەبێ بەر لەهەرچی سوپاسی ئەرشیڤی نیشتمانیی بریتانی (لەندەن) بکەم بۆ ئیجازەی میهرەبانانەیان هەم بۆ لابردنی هەقی کۆپی رایت و هەم بۆ ڕێگە پێدان بۆ دووبارە چاپکردنەوەی کتێبەکە بە ئینگلیزی. هەروەها لە بەراییدا سوپاسی زۆری برای بەڕێزم کاک سدیق ساڵح و مامۆستا ڕەفیق ساڵح دەکەم کە هاندەری گەورەم بوون بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە و خوا کاریان ڕاستبکات و بۆ خزمەتی کتێبخانەی کوردی سەریان بخات. هەروەها سوپاسی هاوسەری خۆشەویستم فاتیمە ئەحمەد موراد دەکەم کە لە تایپکردنی تابلۆیەکان گەلێك کۆمەگی پێکردم و ماندووبوونی تایپیکردنی تابلۆیەکانی خستە ئەستۆی خۆی کە شایانی هەموو سوپاسێکمە. هەروەها گەلێك سوپاسی هێژا د. ئەمیری حەسەنپوور دەکەم کە کۆپییەکی خاوێنی ئەم ڕاپۆرتەی خستە بەردەستم، چونکو ئەو کۆپیەیەی کە من لە ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیم وەرگرتبوو ئەوهێندە پاك نەبوو، بۆیە لە دڵەوە

سوپاسی دەکەم. ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێم زۆر بەهیوام بە ئەمانەتەوە کاری وەرگێڕانەکەم ئەنجام دابێ و خۆ ئەگەر لە دووبارەی نووسینەوەی بڕێك لە ناوە زۆر و زەوەندەکانی هۆز و تیرە و شوێنە جیاجیایەکانی کوردستاندا هەڵەم کردبێ و سەرچیغ چووبم، ئەوا پێشەکی گەلێك داوای بەخشین دەکەم و دەکرێ لە چاپیەکانی داهاتوو ڕاستیان بکەینەوە.

نەجاتی عەبدوڵڵا

پاریس، ٢١ی ئایاری ٢٠٠٧

# سەرچڵێك

# لەبارەی ژیان و كارە كوردناسییەكانی

# مێجەر ئی.ب. سۆن

## (١٨٨١-١٩٢٣)

بنکەی ژین
www.zheen.org

ناوی تەواوی ئێلی بانیستەر سۆن*-ە و لە ١٦ ی ئابی ساڵی ١٨٨١ لە كنزنگتن** لەدایك بووە. سۆن لە بنەماڵەیەكە كە پیاوەكانی بە دانایی و كەشخە و قۆزی بەناوبانگ بوون. ولیام سۆنی باوكی پیاوێكی زمانزان بوو و هەر زوو هێشتا تەمەنی سۆن نەبوو بوو بە دوو ساڵ كاتێك كۆچی دوایی كرد. ئێلی سۆن ساڵی ١٨٨٩ دەچێتە قوتابخانەی

---

* Ely Bannister Soane

** Kensington

بیــشۆپی لاتیمــەر Bishope Latymer's و ســاڵی ١٨٩٥ دەچــێتە قوتابخانەی لاتیمەری باڵا Upper Latymer's و تا شانزە ساڵی هەر لــەو قوتابخانەیــە دەمێنێتــەوە. دواتــر بــە ســەرکەوتوویی و بــە پلــەی شەرەف تاقیکردنەوەکانی Cambridge Local Junior ساڵی ١٨٩٦ و تاقیکردنــەوەکانی Senior Exams ســاڵی ١٨٩٧ دەبــڕێ. ســۆن لــە دەورانــی ژیــانی قوتابخانەییــدا وێــڕای ئــەوەی کــە لــە قوتابخانــە چەندین جــار مێــدالیای ســەول لێــدانی وەرگرتبــوو کەچــی هــەرگیز هەوەســی بــە یاریکردن نەدەهات، بەڵام حەزێکی زۆری بۆ زمانی فرانسی هەبوو و وەك ئەکتــەریش لــە ئاهەنگــەکانی قوتابخانــە وەدیاردەکــەوت و هــەر زوو بــەهرەی زمــانزانی و لاســاییکردنەوەی تێــدا ڕەســکا کــە ئەمــە دواتــر لــە ئێران بە کەڵکی هات. سۆن خولیای ژەنینی ئامێری پیانۆ و ئۆرگەن-یشی هەبوو.

سۆن بەر لەوەی خوێندن تەواو بکات هەر لە ساڵی ١٨٩٨-ەوە نیازی سەفەری ڕۆژهەڵات لەسەری دابوو بەڵام تا ساڵی ١٩٠٢ئەم ڕێکەوتەی بۆ نەرەخسا. دوای ئەوەی کۆمپانیای (ئێچ، ئێس، کینگ)* کە وەك بانکی شــەریکەی هینــدی شــەرقی بــوو و وەکیلــەکانی لەگــەڵ بــانکی لویــدز** تێکــەڵاوبوون، بەمــشێوەیە ســۆن پێوەنــدی بــە بــانکی شاهەنــشاهی ئێرانــی*** دەکات و لە شوباتی ساڵی ١٩٠٢ دەچێتە ئێران. سۆن لەم مێژووە بەدواوە جگە لە دووایین دوو ساڵی تەمەنی و چەند ماوەیەکی کەمی پشووەکانی بۆ ئەنگلستان، هەموو ژیانی هەر لە ڕۆژهەڵات بەسەر دەبات. دوای چوونی بۆ ئێران ماوەیەکی کورت لە تاران بەسەر دەبات و

* H. S. King
** LIoyds Bank
*** Imperial Bank of Persia

دواتر دەچێتە (یەزد) و لەوێوەوە ساڵی ١٩٠٣ دوای یەك ساڵ مانەوە لە یەزد دەست دەكات بە وەرگێڕانی چوارینەكانی عومەر خەیام. ساڵی دواتر لە بوشەهر و پاشان لە شیراز دەبێتە ژمێریاری بانكی شاهەنشاهی ئێران. لەو ساتەوە سۆن خولیای ئایینی ئیسلامی دەكەوێتە سەر و دەچێتە مزگەوتەكان و جلی ئێرانی دەپۆشی و لەگەڵ ئاخوندەكان دەكەوێتە وتوێژ و دواجار ساڵی ١٩٠٥ دەچێتە سەر ئایینی ئیسلام و دەبێتە شیعە. ساڵی ١٩٠٦ دەبێتە بەڕێوەبەری لقی بانكی شاهەنشاهی ئێران لە كرماشان و لێرەوە دەستدەكات بە فێربوونی زمانی كوردی و لێكۆڵینەوە لەبارەی گەلی كورد. دواتر لە سۆنگەی ناكۆكیی توندی لەگەڵ كۆنسڵی ڕووسیا لەوشارە هێندە لە پۆستەكەی نامێنێتەوە و ساڵی ١٩٠٧ واز لە بانكەكە دەهێنێ و بۆ ماوەیەكی كورت دەگەڕێتەوە بۆ ئەنگلستان. ئەمجارە كە لە لەندەن دەگەڕێتەوە بەناوی خوازراوەی میرزا غولام حوسێن شیرازی گەشتێكی دوورودرێژ بەناو میزۆپۆتامیا و كوردستان دا دەكات و بەرهەمی ئەم گەشتەی ئەم كتێبە نایابە بوو بە ناوی ( گەشتێك بۆ میزۆپۆتامیا و كوردستان بە جل گۆڕاوی.، لەگەڵ چەند سەرنجێكی مێژوویی لەبارەی هۆزە كوردییەكان و كلدانییەكانی كوردستان)* كە ساڵی ١٩١٢ یەكەم چاپ و ساڵی ١٩٢٦ دووەم چاپی بڵاوكرایەوە.

سۆن ساڵی ١٩٠٩ بە جلی ئێرانی لە خوڕەمشەهر سەردەردەكاتەوە و كۆتایی هەمان ساڵ پێوەندی بە ستاف (كۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی)** دەكات لە هەمان شاردا و دوای چەند مانگێك دەینێرن بۆ

---

*To Mesipotamia and Kurdistan in disguise; With historical notes of the Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan*

Anglo-Persian Oil Company **

چیای سورخ لە نزیك خانەقی و لەوێوەوە دەست دەكات بە كاری گەڕان بەدوای نەوتدا. بۆ ڕێزگرتن لە توانای سۆن و ئەو خزمەتە زۆر و زەوەندەی كە بۆ كۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی كردبوو ساڵی ١٩١٣دەكرێتە جێگری كۆنسلی بریتانیا لە قەسری شیرین، شارێكی چكۆڵەی ئێران لەو دیوو سنوور نزیك بە چیای سورخ. دەگێرنەوە جارێك فەتاح بەگ كە پێش ئەوەی سۆن بچێتە قەسری شیرین لە بەرامبەر "پارێزگاری كردن" لە كێڵگەكانی نەوت مانگانەیەك وەردەگریّ. هەر كە مێجەر سۆن دەگاتە ئەویّ لە ناكاو پارەكەی دەبڕیّ. ئەوكاتە فەتاح بەگ نووسراوێك بۆ سۆن دەنێریّ و هەڕەشەی لێدەكات و داوای لێدەكات دەم و دەست ئەو پارەیەی كە نەدراوە بۆی بنێریّ ئەگەر نا فەتاح بەگ ناتوانیّ كۆنترۆلی هۆزەكەی بكات. كاتێك دوو تەتەرەكەی فەتاح بەگ دەگەنە كێڵگەی نەوت، سۆن دەیانگریّ و چەك و ئەسپەكانیان لێدەسەنیّ و بە چەككراوەیی بۆ فەتاح بەگ یان دەنێرێتەوە تا ئەو پەیامەی پێبڵێن: " ئەگەر دەیەویّ شەڕبكات ئەوا ئێستە دوو چەكی لەوەی پێشوو كەمترە لەكاتێكدا ئەو دوو چەكی زیاتری هەیە". فەتاح بەگ بەر لەوەی بەرەو ڕووی شەڕ بێتەوە بڕیار دەدا خۆی بچێتە لای سۆن. لە كێلگەی نەوت مێجەر سۆن ڕێز لە فەتاح بەگ دەنیّ و دەكەوێتە ژێر كەسایەتی بەهێزی فەتاح بەگ، بۆیە كێشەی پارە هەرگیز نەوروژێنرا و فەتاح بەگ گەڕایەوە ناو هۆزەكەی و ئەم هاوڕێیەتییەی نێوان فەتاح بەگ و سۆن تا مردنی ئەوەی یەكەم هەر بەردەوام بوو.

www.zheen.org

سۆن پیاوێكی كورتەبنە، تۆكمە و سیما باریكەلەی چاو ڕەشی تیژ بوو. هەر زوو ئەم هێزی كەسایەتییە لەسەر زەوی واقیع حسابی بۆكرا و

به تایبەت لەو جێگەیانەی کە دەسەڵاتی تورکی وەکوو دەسەڵاتی ئێرانی لەو دیوو سنووری شارە گەورەکان هەر تەنها شتێکی ڕەمزی بوو. سۆن لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگیی یەکەمی جیهانی لە بەغدا دەبێ و لەگەڵ ٢٠ ئەوروپی دیکە زیندانی دەکرێ و دواتر هەڵوەدای مەرسینیا* دەکرێ و زۆربەی ئەو ماوە ڕێگەیان هەر بە پێیان پێ دەبڕن. دوای چەند هەفتەیەك مانەوە لە مەرسینیا وەکو هەموو ئەوروپییەکانی دیکە ئازاد دەکرێ و یەکسەر دەگەڕێتەوە میسر. زانیاری زۆر وردی لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شارەزایی لە ناوچەکە وایان لێکرد سەرنجی فەرماندەیی هێزی لەشکرکێشی* بۆ خۆی ڕابکێشێ و لە دەستپێکی ساڵی ١٩١٥ دەست بەکار دەبێ و دواتر ساڵی ١٩١٦ دەیهێننە بەسرە. دوایی ماوەیەك بۆ ڕاهێنان لە دائیرەی جاسووسکاری خەریك دەبێ و دواتر دەیکەنە نووسەر لە ڕۆژنامەی بەسرە تایمز *Basrah Times* کە ڕۆژنامەی حکومەتی بوو و بە ئینگلیزی و عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەچوو و دواتر چاپی فارسی-یشی هاتە سەر. هەر زوو بۆ کردەیەکی سەخت نێردرا بۆ لای بەختیارییەکان تا بەشوێن جاسووس و شۆفارە تورك و ئەڵمانییەکاندا بگەڕێ و بێدەنگیان بکات. سۆن بە هاوەڵی شەش پاسەوانی کورد و فارس توانی (ئەرکەکە) بە سەرکەوتوویی ڕایی بکات.

سۆن سەرەتای ساڵی ١٩١٦ بوو بە جێگری کۆنسلی بریتانیا لە دێزفول. دوای داگیرکردنی بەغدا لە ئاداری ١٩١٧ دوای ئەوە ماوەیەك لە بەغدا دەمینێتەوە. لەبەر ئەوەی تا دیسامبەری ١٩١٧ خانەقی هیچ

---

* Mersina
* Expeditionary Force

شێوە بەڕێوەبردنێکی مەدەنی ئینگلیزی لێنەبوو کە، دوای ئەوە بۆ یەکەمجار لە لایەن هێزەکانی بریتانییەوە داگیرکرا، ئینگلیز کاروباری ناوچەکانی خانەقی و دەوروبەری بە مێجەر سۆن دەسپێرن. خانەقی ئەو سەروبەندانە بە دەست سوپای تورکیا و ڕووسیا، بە تایبەت بەدەست ئەمەی دواییان بوو بوو بە وێرانە و برسێتییێکی وای تێدا بڵاوبووبۆوە کە لە وەسفکردن نەدەهات. سۆن لەو شارە هەڵمەتێك بۆ فریاکەوتنی برسیەکانی جەنگ ڕێکدەخات. هەر لەوساڵانەی مانەوە و کارکردنی لە خانەقی کەرەسە و مەتریالی ئەم کتێبەی لەبارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو کۆکردۆتەوە و زانیارییەکانی تەواو ورد و جێگەی بایەخن. لەبەر زۆری خزمەتەکانی بۆ حکومەتی بریتانی ویسامی C.B.E ی پێدەبەخشن. سۆن لە نیسانی ١٩١٨ تووشی نەخۆشی کوشندەی دەردەباریکە دەبێ و دەییەخێ. دوای چەند هەوتوو مانەوە لە نەخۆشخانە لەسەر داوای بە پەلەی خۆی ڕەوانەی ئوستراليا دەکرێ بۆ چارەسەریکردن و دوای شەش مانگ دەگەڕێتەوە و بە ڕواڵەت لە نەخۆشیەکەی چاك دەبێتەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩ کاروباری ناوچەی سلێمانی پێدەسپێرن و هێندە نابات سۆن و شێخ مەحموود تێکگیردەبن و دواتر ئینگلیز بە ئاگر و ئاسن دەکەونە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی شێخ مەحموود.

سۆن پیاوێکی تەبیعەت وشك و ئاغر بوو و لە بارەگەکەی خۆی نەدەچووە دەرەوە، سۆن کەم دەردەکەوت و بەمە دەیویست سامێك بۆ خۆی پەیدا بکا. خۆ کە دەریش دەکەوت و یا بە بازاردا دەڕۆیشت دەبوو خەڵکەکە بە جارێ هەستنە سەرپێ و ڕێبوار کڕنۆشی بۆ بکا، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا لە ماوەی ١٨ مانگی حوکمڕانی سۆن لە سلێمانی تەنها

www.zheen.org

یەك كەس لە سێدارە درا ئەویش خەڵكی كوشتبوو. جگە لەوە سۆن ڕێگە وبانی هەڵدەنا و دەیەویست متمانە بگەڕێنێتەوە ناو خەڵك و قوتابخانەی دەكردەوە. لە ناوچەی سلێمانی خوێندنی كردە كوردی و هەموو هەوڵێكی دەدا ئیدارەی ناوەخۆیی لە ناوچە كوردییەكاندا شێوازێكی تەواو كوردانە بەخۆوە بگرێ و تەواوی كارمەندەكانی ناوچەكە كورد بوون و خۆیشی جگە لەوەی شارەزاییێكی تەواوی لە زمانی فارسیدا هەبوو بە كوردییێكی زۆر تەواو قسەی دەكرد و هەموو دیالێكتەكانی كوردیشی دەزانی. هەر ئەویش بوو جل و بەرگ پۆشینی كوردیشی كردبووە ناچاری و ڕێگەی نەدا چیتر ناوی شاری (سلێمانی) بە شێوەی (سلێمانیە) بنووسرێ.

دەكرێ ئەوە بڵێین كە وەختایەك سۆن گەیشتە كوردستان، نووسینی كوردی زۆر بە دەگمەن دەنا هەر نەبووە. دەبێ ئەو ڕاستییەش بگوترێ كە سۆن ڕۆڵێكی یەكجار گەورەی بینی لە جیهانی ڕۆژنامەوانیی كوردی و هەر بەڕاستی خاوەنی یەكەم ڕۆژنامەی كوردی بوو لە كوردستانیی خواروو (تێگەیشتنی ڕاستی – بەغدا ١٩١٨) دواتریش لە ڕێگەی ڕۆژنامەی پێشكەوتن خزمەتێكی زۆری زمانی كوردیی نووسینی كرد. سۆن یەكەم كەسە كە فرمانی دا لە سلێمانی بە كوردی ڕۆژنامە دەربچێت. (ڕۆژنامەی پێشكەوتن) یادگاری (سۆن)ە و زمانی كوردی بەهۆی ئەم ڕۆژنامە تاقانەیەوە لە (سلێمانی) دا هاتە نووسین و خوێندنەوە و هەر بە هاندانی (سۆن) هەندێ لە نووسەرەكانی ئەو ڕۆژەی سلێمانی كەوتبوونە سەر بیر و مەیلی نووسینی كوردیی پەتی. تەنانەت (سۆن) بۆ ئەمە (پاداشت)ێكیشی دانابوو و ئەوانەی كە نزیكەی لاپەرەییێكیان لەهەر باسێك بە كوردی پەتی ئەنووسییەوە لە (٢٠) تا

(٣٠) ڕوپیه (پاداشت)ی پێ دەبەخشین. دواتریش دوای ئەوەی ساڵی ١٩٢١ گەڕایەوە ئەنگلستان وێڕای ئەوەی کە نەخۆشی دەرەتانی لێ بڕیبوو کەچی هەر خەریك بوو کەرەسەی فەرهەنگێکی کوردی–ئینگلیزی کۆدەکردە و سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیێکی زمانەوانی تایبەت بە زمانی کوردی بوو کە ئێستە دەستنووسەکە لە کتێبخانەی لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان لە Finsburry Circus پارێزراوە. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ لەسەر ڕاسپاردەی پزیشکەکان دەنێردرێ بۆ بیزێرتە *، بەڵام تا ئەو ڕادەیە نەخۆش بوو کە ئامۆژگاری دەکەن بۆ ڕاوێژی پسپۆری پسپۆر بگاتەوە لەندەن، بەڵام مەرگ ڕێگەی نادات و هەر لە ناو زەریا لە ڕۆژی ٢٤ ی شوباتی ١٩٢٣ کۆچی دوایی دەکات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* Bizerta

## سەرچاوەکان

1-E.B. Soane- A Memoir, by Sir Arnold T. Wilson, In *To Mesipotamia and Kurdistan in disguise: With historical notes of the Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan ( With a memoir of the author by Sir Arnold T. Wilson)*, London, 2d ed, J, Murray, &çé-, pp. IX-XVII.

2-Arnold T Wilson, *Mesopotamia 1917-1920: A Clash of Loyalties: A Personal Historical Record*, Ed. Oxford University Press, 1931.

٣- ڕەفیق حلمی، یادداشت: *کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود*، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٨٨.

بنكەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بیبلیۆگرافیای

# کرۆنۆلۆژی کاره زانستییەکانی مێجەر سۆن

# لەبارەی کوردەوە

## 1909

1- *Notes on a Kurdish dialect, the Shadi branch of Kermanji*, In: J. R. A. S, London, Pt IV. pp: 895-921.

2-*A Southern Kurdish folksong in Kermanshahi dialect*[7], In: J. R.A. S, London, Pt I. pp: 35-51

## 1912

3-*To Mesipotamia and Kurdistan in disguise; With historical notes of the Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan*, London, Fist Edition, J. Murray, (IX+421 p), 6 ill, 1 map[8].

4-*Notes on a Kurdish dialect, Sulaimania (Southern Turkish Kurdistan)* In : J. R. A. S, London, Pt IV,  pp. 891-940

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[7] ئەم وتارە لە لایەن ئەنوەری سولتانی کراوە بە کوردی، بڕوانە: قەتاری کوردی کرماشان، گۆواری "مەڵبەند"، لەندەن، ژمارە ٥٣، لا: ١٠-١١ و ژمارە ٥٤، لا: ١٤-١٥

[8] ئەم کتێبە تەرجەمەی ڕووسی و عەرەبی کراوە، بەداخەوە تا ئێستە ئەم کتێبە نایابە کە لە هەموو ڕوویێکەوە شایستەی ئەوەیە ڕاستەوخۆ لە ئینگلیزییەوە بکرێتە کوردی، کەچی تا ئێستە نەکراوە بە کوردی، وەرگێڕ.

## 1913

5-*Grammar of the Kurmanji of Kurdish language*, London, Luzac, ( Luzac's Oriental Grammar Series,N°6),XVI+289p[9].

## 1918

6- *Notes on the tribes of southern Kurdistan*, Baghdad: Printed at the government Press, (40 p)[10].

7- *Report on the Sulemania District of Kurdistan*, Calcutta: Superintendent government printing press (161 p).

**٨- ڕۆژنامەی "*تێگەیشتنی ڕاستی*"، بەغدا، سێشەممە، ١ ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ تا ڕۆژی ٢٧ ی کانوونی دووەمی ١٩١٩، بەسەر یەکەوە (٦٧) ژمارەی لێدەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە زمانحال و ئۆرگانی پرۆپاگەندەی ئینگلیز بوو لەناو کورد دا و هەموو سەرچاوەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە سۆن بەڕێوەبەر و یەکەم نووسیاری ڕۆژنامەکە بووە[١١].**

## 1919

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[9] مەکەنزی بەم کتێبەدا چۆتەوە بڕوانە: D.N. Mackenzie, *Kurdish Dialect Studies*, 1961, p. XIX.

[10] ئەمەیان ئەم کتێبەی بەردەستتانە، وەرگێڕ.

[11] بڕوانە: د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، *تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا*، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، لا: ١٣٧

9-*Elementary Kurmanji grammar (Sulaimania district)*, Baghdad, (197 p)[12].

## 1920

**١٠- ئەوەلین قرائەتی کوردیی، محەمەد باشقە و محەمەد ئەمین زەکی، بەهۆی مێجەر سۆن و ج. فاربێل تەطبیق کراوە و دائیرەی مەعاریفی بەغدا پەسندی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە و لە چەپەوە بۆ ڕاست دەستپێدەکات. ٣٠ لاپەڕەیە، بەغدا، چاپخانەی حکومەت[١٣].**

## 1921

11- *A short anthology of Guran poetry*[14], In J.R.A.S, London, pp. 57-81.

## 1922

---

[12] **مەکەنزی بەم کتێبەدا چۆتەوە بڕوانە:** D.N. Mackenzie, *Kurdish Dialect Studies*, 1961, p. XIX.

[13] **بڕوانە: نەریمان، *بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردیی ١٧٨٧-١٩٧٥*، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧، لا: ١٨-١٩**

[14] **پێشەکی ئەم وتارە لە لایەن ئەنوەری سولتانی لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی، بڕوانە: مێجەر ئی.بی. سۆن: "بەیازێکی بچووکی شیعری گۆرانی" لە کتێبی " کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی (گۆرانی)، گردە کۆیی شێخ عبدالمومنی مەردۆخی، ساغ کردنەوە و سەرەتانووسینی: ئەنوەری سولتانی، تراستی سۆن بۆ کوردستان، لەندەن، ١٩٩٨، لا: ٤٣١-٤٣٤**

بنکەی ژین
www.zheen.org

12- *Notes on the phonology of Southern Kurmanji*, In J.R.A.S, London, Pt II, pp. 191-226.
13**-** *The Southern Kurds*, In JRCAS, London, Vol. IX, Pt I, pp. 40-47

## 1923

14- *Evacuation of Kurdistan; an ill-fated expedition*, In JRCAS, London, Vol. X, Pt I, pp73-74

15-*The Tale of Suto and Tato*[15], In Bulletin of School of Orient and African Studies, Vol I, London, pp. 69-106.

## 1926

16-*To Mesipotamia and Kurdistan in disguise: With historical notes of the Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan ( With a memoir of the author by Sir Arnold T. Wilson)*, London, 2d ed, J, Murray, XXI+421 p, 11 ill; 1 map. Bibliography: p. 409-410.

---

[١٥] ئەم چیرۆکە ساڵی ١٩٨٨یوسف زەنگەنە و جەواد مەلا کردوویانە بە کورمانجی خواروو و دوایی هێناویانەتە سەر تیپی لاتینی. بڕوانە: *چیرۆکی سۆتۆ و تەتۆ*، کۆکردنەوە و بە ئینگلیزیکردنی: مێجەر سۆن و باسیل نیکیتین، بە کورمانجی خوارو و لاتینی کردنی: یوسف زەنگەنە و جەواد مەلا، بڵاوکراوەکانی کوردۆلۆژیا، ژمارە ٧، لەندەن، ١٩٨٨. ئێمە لە بەرگی یەکەمی کتێبی (بازیل نیکیتین و کوردناسی) ئەم چیرۆکەمان وەکوو خۆی بڵاوکردۆتەوە، بڕوانە: نەجاتی عەبدوڵڵا، *بازیل نیکیتین و کوردناسی*، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٤، لا: ١٨٨–٢١٢

بنکەی ژین
www.zheen.org

## 1955

17-*Kurdish-English wordlist (Suleimaniye dialect)*, handcopy made by D.N. and G. Mackenzie, (Kurdish transliterated in roman script), London[16]

## 1979

18-*To Mesopotamia and Kurdistan in disguise : narrative of a journey from Constantinople through Kurdistan to Baghdad, 1907-1909 with historical and ethnographical notices of the various Kurdish tribes and of the Chaldaeans of Kurdistan*, and an index , Repr. of the 2nd ed. of 1926, Ed. St Helier : Armorica Book Co.

**کورتکراوەکان:**

JRCAS:*Journal of the Central Asian Society*
JRAS:*Journal of the Royal Asiatic Society*

بنکەی ژین
www.zheen.org

[16] ئەم کتێبە کە دوایین کاری مێجەرسۆن بوو لەبارەی زمانی کوردی و تەرخانی دیالێکتی (سلێمانی) کراوە و لە دوادواییەکەی ژیانی نووسیوویەتی و ساڵی ١٩٥٥ مەکەنزی دووبارە ئەم دەستنووسە بە چەند دانەیەکی کەم بڵاو دەکاتەوە کە ئێستە دانەیەك لەم کتێبە لە کتێبخانەی سواس SOAS لە لەندەن پارێزراوە، وەرگێڕ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# NOTES

ON THE

# TRIBES OF SOUTHERN KURDISTAN

BY

MAJOR E. B. SOANE,

*Political Officer, Khaniqin,*

*M.E.F.*

*1918.*

BAGHDAD:
PRINTED AT THE GOVERNMENT PRESS.
1918.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەرگی دەرەوەی کتێبە ئینگلیزیەکەی سۆن

# NOTES ON THE TRIBES OF SOUTHERN KURDISTAN.

## (1) BAJLAN.

(*a*) Tribe (*b*) Family of Bajlan.

Sections.—JUMUR and QAZANLU.

Sub-sections of JUMUR are Saikawand, Hajilar, Gharibawand, Shirawand, Charkalao, Mamawand, Daudawand and Jalil Agha.

Sub-sections of QAZANLU are Haji Khalil, Wali Agha, Abdurrahman Agha.

Chiefs of the JUMUR.—Majid Khan, Parviz, Mubarak, Jahanbakhsh, Qadir Agha, Muhammad Amin Agha.

Chiefs of the QAZANLU.—Wali Agha, Abdurrahman Agha, Ghaidan Agha, Haji Khalil Agha.

Strength.—About 1,300 families. Majid Khan had before the war about 80 horsemen and Muhammad Amin Agha with Wali Agha about 400. At present the tribe is dispersed and has no strength.

Location.—(*a*) Jumur.

In the so-called plain of Bajlan bounded

N. The Abbasan stream

S. The Qasr i Shirin-Kermanshah road

E. The hills Dar i Diwan and Bishikan

W. The Sirwan river and Agh Dagh Hill.

www.zheen.org

لاپەڕەی یەکەمی کتێبە ئینگلیزیەکەی سۆن

# چەند سەرنجێك

## دەربارەی

# هۆزەكانی كوردستانی خواروو

نووسینی

میجەر ئی.بی. سۆن

ئەفسەری سیاسی، خانەقی

فەرماندەیی گشتیی هێزی لەشکرکێشی میزۆپۆتامیا

١٩١٨

بەغدا:

لە چاپخانەی حکومەت چاپکراوە

١٩١٨

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

وەرگێڕانی دەقاودەقی سەر بەرگی کتێبە ئینگلیزییەکە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## چەند سەرنجێك
## دەربارەی هۆزەكانی كوردستانی خواروو

## ١- Bajlan باجەڵان

**ئا- هۆز** **بیٚ- بنەماڵەی باجەڵان**

**تیرە: جومور و قازانلوو**

**تایەفەكانی جومورییەكان بریتیین لە: سەگەوەند، حاجیلەر، غەریبەوەند، شێرەوەند، چواركلاو*، مەمەوەند، داودەوەند و جەلیل ئاغا.**

**تایەفەكانی قازانلوو بریتین لە: حاجی خەلیل، والی ئاغا، عەبدولڕەحمان ئاغا.**

**سەرۆكەكانی جومور: مەجیدخان، پەروێز، موبارەك، جیهانبەخش، قادر ئاغا، محەمەد ئەمین ئاغا.**

**سەرۆكەكانی قازانلوو: والی ئاغا، عەبدولرەحمان ئاغا، غەیدان ئاغا، حاجی خەلیل ئاغا.**

بنكەی ژین
www.zheen.org

**هێز: نزیكەی ١٣٠٠ بنەماڵە. مەجید خان بەر لە جەنگ ( واتە جەنگی یەكەمی جیهانی، وەرگێڕ) ٨٠ سوارە و محەمەد ئەمین ئاغا لەگەڵ والی**

---

* Charkalao

ئاغا، دەوروبەری ٤٠٠ سوارەیان هەبووە. لە کاتی ئێستەدا هۆزەکە پەرت و بڵاوبۆتەوە و هیچ هێزێکیان نەماوە.

**شوێن:**

**ئا- جومور:**

لەو پێدەشتەی پێدەڵێن باجەلان کە بەمشێوەی خوارەوە دەستنیشانکراوە

باکوور: جۆباری عەباسان

باشوور: ڕێگەی قەسری شیرین- کرماشان.

ڕۆژهەڵات: گردوڵکەی داری دیوان و بیشکان.

ڕۆژئاوا: ڕوباری سیروان و بەرزاییەکانی ئاغ داغ.

**بێ: قەزانلوو:**

لە پێدەشتی بن کوردە کە بەمشێوە دەستنیشان کراوە:

باکوور و ڕۆژئاوا: ڕووباری سیروان

باشوور: بابا پلاوی Baba Pilawi و جەبەل مروارید.

ڕۆژئاوا: ئاغ داغ.

- لە بابوك لە نێوان موسل و زابی بچوك لە ژێر قەڵەمڕۆی عەلی ئاغا قازانلوو.

- لە باجەلانی نزیك کەرکووك لەژێر قەڵەمڕۆی عەبدولڕەحمان ئاغا

بۆ تێبینییە گشتییەکان و مێژوو، بڕوانە بەشی (بنەماڵە).

www.zneen.org

## بێ: بنەماڵەی باجەڵان

سەرۆکی ئێستە: مستەفا پاشای باجەڵان، پیاوێکی بەتەمەن، دڵرەق، کەسایەتییێکی خاوەن بڕیار، هەست و نەستی ئینگلیزخوازانەی بەر لە جەنگی پاراستووە تا ئەو ڕادەیەی کە قوربانی بە ناوچەکانی ژێردەست و سامانی خۆی داوە تا ئەو وادەی کە دوای دەستبەسەرداگرتنی بەغدا بە ئێمەی دابوو بیهێنێتە جێ. پێشتر لە سێرڤیسی مەدەنی تورکیدا چەندین پایەی هەبووە و لە چەندین دەوراندا حاکمی عەزیزییە و بەدرە بووە. شارەزاییێکی قوڵی لە بارەی عەرەبەکانی ئەم هەرێمانە هەیە و بە هەمان شێوە شارەزای هۆزەکانی کوردستانی خوارووشە. لە بنچینەدا کوردە و کوردێکی بێغەل و غەشە و بەوەی لە تۆرمەیەکی کورمانجییە و کەس وەکو ئەو مێژووی بنەماڵە کوردە کورمانجەکان ناناسێ. هەمیشە دژە تورك بووە و لە دژی تورك ڕاپەڕیووە و چەندین جار دوورخراوەتەوە. لە شەڕی نێوان هۆزەکان ناو شۆرەتێکی بەجەرگانەی هەیە. ئالیکارێکی بەهێز و بە حەماسە بۆ هەر پرۆژەیەك کە سەربەخۆیی کوردستانی لە پشتەوە بێت. پێوەندی ژن و ژنخوازی لەگەڵ بنەماڵە ئارستۆکراتەکانی بابان دا هەیە، کە کۆنترین و پاکژترین بنەماڵەی کورمانجن لە کوردستانی خواروو. ناوی هاوسەرەکەی عصمە خانم*-ە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* Asma Khanum

# مێژووی بنەماڵەکە

بنچینەی باجەڵان دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی دیاربەکر و لە ناو ئەو هۆزە کورمانجانەی کە لە دەوروبەری ئەم شارە بارگەیان لێهەلخستبوو و دەوربەریساڵی ١٦٣٠ کۆچدەکەن بۆ زەهاو ( کە ئەودەم سەر بە تورکیا بووە) و جوتیارە ئاخێوەرە زمان پەهلەوییەکان کە لەوێدا دەژیان داگیر دەکەن. سولتان موڕادی چوارەم[**] زەهاو یان پێدەبەخشێ لەگەڵ ناچارکردنیان بەوەی لەکاتی بانگهێشتندا ٢٠٠٠ ئەسپسوار و سەرانەیەکی ساڵانەی ٣٠٠٠٠٠ پیاستەر بدەن. ئەم باپیرە گەورەیان ناوی عەبدال بەگی باجەلان بووە. لەقەبی پاشا بۆ یەکەمجار بەخشرایە ئەحمەد پاشای باجەڵان کە لە پای تاق لەگەڵ نادر شا جەنگاوە. پاشالیکی زەهاو تا دەورانی عوسمان پاشای باوکی موستەفا لە دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەم هەر بەردەوام بووە. لە سۆنگەی لاوازی پاشالیکی بەغدا لە دەورانی جەنگ و دوای جەنگ لەگەڵ محەمەد عەلی میرزا، کوڕی فەتح عەلی شا، بنەماڵەی باجەڵان و جوتیارە ڕەعیەتەکانی ( کە ئێستە ناوی باجەلان-یان هەڵگرتووە) بە بێ هیچ هاوپشتییێك شەڕی محەمەد عەلی میرزا یان کردووە و ناچاربوون زەهاو چۆڵ بکەن. دوای ئەوەی کۆمسیۆنی هێکێشانی سنوور لە ئەرزەرۆم کە عوسمان پاشا تێیدا ئەندام بووە، زەهاوی وەکوو بەشێك لە ئێران ناسی، بنەماڵەی باجەڵان وایان پێباشتر بوو کە وەکوو ڕەعیەتی تورکیا بمێننەوە و

[**] سولتان مورادی چوارەم (١٦٢٣- ١٦٤٠)، وەرگێڕ.



www.zheen.org

کۆچیان کرد بۆ خانەقی بەو شێوەی کە ئێستە خانەقی بۆتە ناوەندی ئێستەیان.

عەشیرەتی باجەلان جاران و ئێستەش گردبوونەوەیەکی چەندین هۆزی هەمەچەشنە بووە کە لە زەهاو دا جێگیر بوون. قەزانلووەکان پاشماوەی هۆزی ڕۆژهەلاتی تورکین کە لە چەند دەورانێکدا لە نزیك هەمەدان جێگیر بوون و تۆرمەی چەند کۆلۆنین کە لە نزیك سنووردا جێگیر بوون وەکو دەرگەزینلووی قەسری شیرین و دانیشتوانی قەزانی نزیك مەندەلی و ئەم گروپانە جاران بە ناوی قەزانلوو ناسراو بوون بەلام بە بێ ئەوەی هیچ پێوەندییێکیان لەگەلٚ بنەماڵەی باجەلان دا هەبووبێ. زەهاو خەڵکانێکی لێبووە کە بە دیالێکتێکی خراپی پەهلەوی قسەیان کردووە کە ئەمڕۆ هێشتا دیالێکتی جومورەکانی باجەلانە و لەوەی بنەماڵەکە جیاوازە کە کورمانجییێکی پاکە.

ئەندامانی سەرەکی ئەم بنەماڵەیە هێشتا هەژموونێکی گەورەیان بەسەر هۆزەکە هەیە وێرای ئەوەی کە لە واقیعدا سەرۆکیشیان نەبن. چڵی جەموور کەمتر لەژێر ئەم کاریگەرییەدان، بەلام قازانلووەکان باشترین کەرەسە و ئامرازیان هەیە لە هەردوو بواری جەنگاوەری و کشتوکاڵکاری دا. هەموویان سووننین و لەسەر مەزهەبی شافیعین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## درەختی بنەماڵەی باجەلان




بنکەی ژین
www.zheen.org

**بنەماڵەی جومور (سەر بە باجەلان نییە)**

| نەوەی یەکەم | نەوەی دووەم | نەوەی سێیەم | نەوەی چوارەم |
|---|---|---|---|
| عەبدولڕەحمان | عەزیز خان | عەلی ئاغا ( کوژرا ) | |
| | | پاشا ( کوژرا ) | |
| | | کـەریم (ژەهرخـواردوو کرا) | |
| | | خورشید خان ( کوژرا) | |
| | | عەبدوڵلا ( کوژرا) | |
| برای | | عەلی موراد ( کوژرا) | |
| | | پەروێز | |
| | | مەجید (سەرۆکی ئێستا) | |
| | عەزەم خان | حەمید ( کوژرا) | |
| | | فەتاح ( کوژرا) | ٣ کوڕ |
| | | عەبدولڕەحمان ( کوژرا) | مەجید |
| | حەسەن خان | قادر ئاغا | |
| | مەحمود | ٣ کوڕ | |
| | | ئەمین | |
| | | خورشید | |
| | کاک ئەحمەد | حەسەن | |
| | | عەبدولڕەحمان | |
| | | قادر | |
| ڕۆستەم خان | | حوسێن | |
| | سولێمان | کەریم | |
| | ساڵحان | حوسێن ( کوژرا) | |
| | [Salhan] | محەمەد شەریف ( کوژرا) | |

بنکەی ژین
www.zheen.org

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | محەمەدئەمین ( کوژرا)<br>ڕۆستەم | |

## ٢Bibani- بیبانی

**سەرۆك:** کوێخا ئەحمەد، کوڕی مارف.

**تایەفە:** هیچ

**فراکسیۆن:** نییە

**هێز:** ٤٠٠ ماڵ، ٧٠ ئەسپ

**شوێن:** لە دوو ئاوایی دەژین کە هەردوکیان پێیان دەڵێن بیبانی و کەوتوونەتە سەر گردی گوڕگوڕ* لە باکووری ڕۆژئاوای کەرکووك.

**تێبینییە گشتییەکان:** هۆزێکی کشتوکاڵکارن و لەکاتی پشێوییدا پەنا دەبەنە بەر هۆزی شوان.

## ٣Chingini- چنگنی

**سەرۆك:** ئەحمەد ئاغا

**فراکسیۆن:** نییە

**جێگری سەرۆك:** نییە.

**هێز:** ٣٠٠ بنەماڵە، ٢٠٠ ئەسپ، ٣٠٠ سوارە

**شوێن:** لە زستانان لە بناری چیایەکانی پیرەمەگروون لە باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی لە داوێنی چیادا بە ئاڕاستەی قەرەچوڵان دەژین.

**هاوینان:** لە مەرگە دەژین.

---

* Gurgur

www.zheen.org

**تێبینییە گشتییەکان:** هۆزێکی تەواو کۆچەری بە پیشە ڕێگرن و تەنها لەناو ئێران ڕێگری دەکەن و زۆر دژە ئێرانین. هۆزێکی سوونی شافیعین. تورکەکان هیچ کات نەیانتوانییوە باجیان لێبسەنن یان سزایان بدەن. هۆزێکی زۆر کێوی و دڕندەن.

**مێژوو:** چنگنییەکان ئاوارەی لە سنە هاتوون و دەوروبەری ٧٠ساڵێك دەبێ هاتوون و سەر بە هۆزی ئیسماعیل عوزێرین.

## ٤- Dauda داودە

سەرۆکی سەرەکی: مەنسوور ئاغا

تیرە: نییە

سەرۆکی دووەم: ڕەفعەت بەگ، کوڕی ئیسماعیل بەگ، محەمەد خورشید، کوڕی خورشید ئاغا، ساڵح، کوڕی لوتفی ئاغا.

هێز: ١٠٠٠ ماڵ، ٦٠٠ ئەسپی چاك، ٧٠٠ سوارە.

**شوێن:** سنوورەکان لە:

**باکوور:** تاووق چای

**باشوور:** ڕێگەی گەورەی بەغدا-کفری- کەرکووك.

**ڕۆژهەڵات:** گل، زەنگەنە و بەلەگە.

**ڕۆژئاوا:** هەمان ئەو ڕێگایانەی سەرەوە.

**تێبینییە گشتییەکان:**

www.zheen.org

ویڕای ئەوەی کە مەنسوور ئاغا سەرۆکی لە هەمووان بەهێزتری هۆزەکەیە، کەچی سەرۆك هۆزەکانی دیکە لە ڕووی هێزەوە سەربەخۆن و هەر یەکەشیان گرووپی لایەنگیری خۆی هەیە. ویڕای ئەمە کەچی هیچ

شەڕێك لە نێوانیاندا ناقەومێ چونکە تەواو لایان ڕوونە لەوەی کە شەڕ هۆزەکە دادەڕەتێنێ. لەسایەی ئەم سیاسەتەوە، هۆزەکە گەشەی کردووە و زۆر بەهێزە و هەر بەمزوانە بوو کە داوایەکی تورکەکانیان ڕەتکردووە کە داوای ئەسپسوار و ئازووقەیان لێ کردبوون، هەروا داوای ئەوەی لێکردبوون کە دالدەی هۆزە هەرە لاوازەکان بدەن. هەر وەك هۆزەکانی دیکەی صەلاحییە، داودەکان هەمیشە لە دژی حکومەتی عوسمانی ڕادەپەرن و دواتر لەودیوو سنووری ئێران ون دەبن. بەگوێرەی کەوشەنەکانی هۆزەکە، نیمچە کۆچەرن و سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین. گەنمی داودە بەناوبانگە.

سەرچاوەکانی بژێوی هۆزەکە لە ئاژەڵداری ڕێگەیان پێدەدا بۆ چارەو بەخێوکردن و وەختایەکیش شەڕ دەکەن سواری سەر پشتی ئەسپەکانیان دەبن. ناو و شۆرەتێکی سەرڕاست یان هەیە و پابەندی وادەکانی خۆیانن. لە ڕووی ئایینیەوە سوننی شافیعین و بە زاری کورمانجی خواروو قسە دەکەن.

مەنسوور ئاغا خۆی زۆر دەوڵەمەندە و هەمیشە پێوەندییێکی بەهێزی لەگەڵ بنەماڵەی تاڵەبانی هەیە.

مێژوو: هیچێکی وا نەزانراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئێستاکە




## ٥- دەلۆ Dilo

**سەرۆکی نێرینەیان نییە**

**تیرەکانی: جامڕێزی، پێنج ئەنگوشتی، گاچی، تەرکەوەند، کارێزی، سەلیم وەیسی.**

**سەرۆکەکانی- محەمەد بەگ، خورشید بەگ و حەسەن بەگ کە لایەنگیرەکانی سەر بە گاچی، کارێزی و تەرکەوەند-ین.**

**عەزیز بەگ، وەیسی بەگ، حەسەن ئیبراهیم خان کە لایەنگیرەکانی سەر بە تیرەکانی جامڕێزی، پێنج گوشتی و سەلیم وەیسی-ین.**

**هێز: نزیکەی ٦٠٠ ماڵ، ٢٥٠ ئەسپی چاك و ڕەسەن و ٢٥٠ سوارەی چەكدار.**

**شوێن:**

**(ئا) عەزیز بەگ، وەیسی بەگ و حەسەن، سنوورەکانیان بریتین: لە باکوور و ڕۆژئاوا جۆباری قۆجە جابان.**

**باشوور: جەبەڵ خوشك**

**ڕۆژهەلات: نادیار.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

(بێ) ئیبراهیم خان لەگەڵ حەیدەرەکەڵ، ٢ ئاوایی لە سەرقەڵا.
(تێ) گرووپی خانەقی
ئەم ئاوایانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

| | | |
|---|---|---|
| کانی بز | لەژێر دەسەڵاتی | مەحموود بەگ |
| پەلکانە | لەژێر دەسەڵاتی | مەحموود فەقێ ئیسماعیل |
| کانی ماسی | لەژێر دەسەڵاتی | مەجید بەگ |
| ناوداومان | لەژێر دەسەڵاتی | کەریم بەگ |
| مستە | لەژێر دەسەڵاتی | حەسەن بەگ |
| تەپەی سەوز | لەژێر دەسەڵاتی | خورشید بەگ |

**تێبینییە گشتییەکان:**

هۆزێکی جەنگاوەرن و سەرلەبەری سوونئین و وێرای ئەوەی کە ئێستە هەر بە ناو نیشتەجێ ماونەتەوە، کەچی گوێ بە غەریزەی ڕاو و ڕووتی کۆچەرەکانیان نادەن بەوەی یەکبینە خەریکی پەلامار دانن. مەحموود بەگ هەمیشە ئینگلیزخوازێکی بەهێز بووە و ئازایانە بە خواستی خۆی لە خانەقی خۆی خستە خزمەتی ئێمە. لەگەڵ خورشید بەگ کە کوردەکان ناویان ناوە دڕ "تەرەماش"* نێوانی خۆش نییە. تیرەکانی (ئا) ی کفری بە سەر ڕاستی ناسراون و هیچ ئامادەی ڕاو و ڕووت نین.

**مێژوو:**

لە بنەواندا هۆزەکە لە جامڕێز لە قەرەداغ نیشتەجێ بوون کە بەشێکی بچووکی هێشتا لەژێر دەسەڵاتی سەلیم بەگ دەژین و ئەوکاتە ناوچەکەیان جێهێشت کە بنەماڵەی بابان لە سلێمانی ڕایانکرد. هۆزەکە

---

* tarramash

ساڵی ١٨٤٠ لە لایەن محەمەد بەگی بابان لە سەرقەڵا لە نزیك كفری نیشتەجێبوون. مێژووی دواتری هۆزەكە بریتییە لە زنجیرەیەك یاخیبوونی بەردەوام و زۆربەی جاریش هاوپشتی هەمەوەندكان بوون كە خزمایەتییێكی بنەوانیی هاوبەشیان هەیە. خورشید بەگ و محەمەد بەگ هەمیشە لە دەوڵەت یاغی بوون و تا دواجار هەردووكیان لە لایەن ویلایەت یەك لە دوای یەك بۆ كانی ماسی و كانی بز بۆ پاراستنی سنوور دژ بە سنجاوییەكان بەكارهێنران كە بە شارەزایی و كارامەییێكی بەرچاو كارەكانیان ڕاپەڕاند. فراكسیۆنی حوكمڕانی سەرەكی بریتییە لە فراكسیۆنی جامرێزی و دواجار هۆزەكە لەژێر دەسەڵاتی باپیرە گەورەی دەلۆ، مەحموود بەگ نزیكەی پێنج نەوە بەر لە ئێستە یەكخرا.

## ٦Dizai- دزەیی

سەرۆكی باڵا-یان نییە

بەشەكانی: پیران، گوتیولا، مامان

بەگزادەكان: ئیبراهیم ئاغا، كوڕی بابیز ئاغا، كوڕی هەمزە ئاغای سەرۆكی فراكسیۆنی پیران.

خدر ئاغا، كوڕی ئەحمەد پاشا، كوڕی حوسەین ئاغا، سەرۆكی فراكسیۆنی گوتیولا.

مەحموود ئاغا، كوڕی خان، كوڕی ئیسماعیل ئاغا، كوڕی مارف ئاغا بەگزادەی فراكسیۆنی مامان لەگەڵ ڕەسووڵ ئاغا، كوڕی محەمەد صدیق، كوڕی ئیسماعیل ئاغا، كوڕی مارف ئاغا.

هێز: نزیكەی ٦٠٠٠ ماڵ. ٤٠٠٠ ئەسپ، ٥٠٠٠ سوارە.

بنكەی ژین www.zheen.org

**شوێن:**

**باکوور: زابی گەورە**

**باشوور: زابی بچووك**

**ڕۆژهەڵات: ڕێگەی ئاڵتوون کۆپری– هەولێر**

**ڕۆژئاوا: زەوییە نزماییەکانی دەوروبەری دەچڵە.**

**تێبینییە گشتییەکان:**

**دەوڵەمەندترین هۆزی کوردستانیی جنووبین و لەسەر زەوی و زارەکانی خۆیاندا نیمچە کۆچەرن. ئەم هۆزە لەوەتای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥ ی مەندەلی نێوانیان لەگەڵ تورکەکان خراپە. هۆزێکی شایستەن و تاڵان و بڕۆیی ناکەن. ئەگەر کێشەی نێوان خێڵەکان بێتە پێشەوە بڕێکجار یاریدەی هۆزە عەرەبەکانی شەممەری هاوسێیان دەدەن. هۆزەکە سەر بە مەزهەبی شافیعییە و کەمێك دەمارگیرن، بەڵام ناو و ناوبانگی میواندۆستیان هەیە و خاوەنی وادەی خۆیانن. جاران داڵدەی هەمەوەندەکانیان داوە. زەوی و زارەکانی قەزایەکانی بە ناوی قەزای دزەیی ناسراوە و بەڕێوەبەری قەزا هەمیشە لە ناو هۆزەکە هەڵدەبژێردرێ.**

**درەختی بنەماڵەك**

سولەیمان ئاغای دزەیی

مەعرووف — حوسێن — حەوێز

**نەوەی سەرۆکهۆزەکانی ئێستە لەسەرەوە یادداشت کراون.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ٧Gakhwar- گاخوار

**سەرۆك:** مارف، کوڕی ئەحمەد

**تیرە:** نییە

**جێگرەوەی سەرۆك:** نییە

**هێز:** ٢٠٠ ماڵ، ٤٠ ئەسپ و ٢٠٠ سوارە بەر لە جەنگ*.

**شوێن:** سنوورەکان

**باکوور:** چەمەنی ئیبراهیم سەمەن

**باشوور:** سەید ئالان

**ڕۆژهەڵات:** هۆزی پاڵانی

**ڕۆژئاوا:** قەرەتەپە

**تێبینییە گشتییەکان:**
هۆزێکی نیشتەجێیە و بەوە ناسراون کە لە کشتوکاڵکاریدا کارامەن. بە هەمان شێوە هۆزێکی شوانکارەشن. لە ڕووی ئایینەوە سوننی شافیعین، بە دیالێکتی کورمانجی خواروو قسە دەکەن. وابەستەی جەمیل بەگی بابانی کفری-ن.

**مێژوو:** هیچ شتێکی نەزانراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* مەبەست لە جەنگی یەکەمی جیهانییە، وەرگێڕ.

## ٨- گێژ Gezh

**سەرۆک، ئەحمەد**

**تیرە: سەعدوڵڵا بەگی**

**کوێخا بەهرام**

**سەرقەڵا**

**جێگرەوەی سەرۆک- کوێخا بەهرام.**

**هێز: نزیکەی ٣٠٠ ماڵ لەگەڵ ٢٠٠ ئەسپی ڕەسەنی چاک.**

**شوێن: ئاواییەکانی سەیدەڵان، ئاسکی کفری، چنچاڵ و سەرقەڵا.**

**تێبینییە گشتییەکان:**

**هەردوو سەرۆکی هۆزەکە پێکەوە لە سەرقەڵا دەژین. هۆزێکی نیشتەجێی، ئاشتیخوازە و وابەستەی جەمیل بەگی بابانی کفرییە. سوونەی شافیعی مەزهەبن و بە دیالێکتی کورمانجی خواروو قسە دەکەن.**

**مێژوو: هیچ شتێکی نەزانراوە.**

## ٩- هەمەوەند Hamawand

**سەرۆک کەریم بەگ، کوڕی فەتاح بەگ**

بنکەی ژین
www.zheen.org

**فراکسیۆن:**

**- (ئا) هەمەوەندی ڕەسەن**

**بەگزادە (چەلەبی)**

**ڕەشەوەند**

سەفەروەند

سێتەبەسەر

- (بێ) جووتیارەکان

کافرۆشی

بیریایی

سۆفیەوەند

چنگنی

جێگرەوەی سەرۆك- موشیر، کوڕی محەمەد مام سولێمان.

محەمەد ئاغا، سەرۆکی ڕەشەوەند.

ئەمین قادر حەیدەر عومەر، سەرۆکی ڕەمەوەند.

سولێمان ئەحمەدی گوڵ خاتوون، سەرۆکی سیتەباسار، هەموویان وەچەی چەلەبی-ین.

هێز: هەمەوەند ۱۰۰۰ بنەماڵە، جاران ۷۰۰ ئەسپ، سوارەیان نییە.

جوتیارەکان: کافرۆشی ۱۰۰ ماڵ، ۵۰ ئەسپ، ۱۰۰ سوارە. بیریایی ۲۵۰ ماڵ، ۱۵۰ ئەسپ، ۲۰۰ سوارە. سۆفیەوەند ۱۳۰ ماڵ، ٦۰ ئەسپ، ۱۰۰ سوارە.

**تێبینییە گشتییەکان:**

هەمەوەند هۆزی لە هەموان بەناوبانگتری جەنگاوەری تەواوی کوردستانن و ژنەکانیشیان بەشداری لە جەنگدا دەکەن. تەواو چەکدار و ئەسپسوارن. هۆزێکی فەناتیکی مەزهەب شافیعین و لە ڕووی بنچینە و زمانەوە کورمانجن. هەمەوەندە ڕەسەنەکان هەموویان نەوەی چەلەبی باوکی ڕەسووڵ -ن، فراکسیۆنەکە ناوەکەی لە ناوی یەك لە دوای یەکی

www.zheen.org

دامەزرێنەرەکانەوە هاتووە، بەمشێوەیە ڕەشەوەند واتەی تیرەی ڕەشید دەگەیەنێ. ڕەمەوەند تیرەی ڕەمەزان و سەفەروەند، تیرەی سەفەر و هەموویشیان کوڕی چەلەبین. سێتەبەسەر وێرای ئەوەی کە ئەمڕۆ سەر بە هەمەوەندەکانن، کەچی لە بنچینەدا جافن و لەوەتای ١٥٠ ساڵ دەبێ لەگەڵ هەمەوەندەکان کەوتوون. هۆزی هەمەوەند هیچ پێوەندییێکی بە ئەحمەدەوەندی بوهتی ئێران نییە، وێرای ئەوەی کە ئەمانەی دوایی هۆزێکی شیعەی فاسیدن، کەچی بڕێکجار ئیدعای بۆ دەکەن. هۆزە جووتیارەکان ئەوانەی کە لە بازیان جێنشینبوون کاتێك هەمەوەندەکان داگیریان کردوون، بێجگە لە سۆفیەوەند کە لە بنەواندا جاف بوون، ٢٠٠ ساڵ بەر لە ئێستە چوونەتە ناو هەمەوەندەکان. هۆزی هەمەوەند ناو و شۆرەتێکی گەورەی نەجیبزادەیی، سەربەخۆیی و مێرخاسییان هەیە.

سنووری هۆزەکە:

باکوور: شوانی بازیان و چیای تۆکمە

باشوور: تاووق سو

ڕۆژهەڵات: زنجیرە چیای بەرزید و تاسڵووجە.

ڕۆژئاوا: قەرە حەسەن و شوانی خاسە

هۆزە جووتیارەکان لە ئاواییەکانی موزەفەر، دۆڵان، هەنجیرە، کانی ماران و ئاوایی دیکەدا نیشتەجێن.

میژوو:

هۆزەکە لە بنچینەدا خەڵکی دەوروبەری سنە-ن و لەوێوەوە لە دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠ دوای زایین هاتوون و هۆزەکانی بیریایی و کافرۆشی کە لە بازیاندا نیشتەجێبوون داگیریان کردوون. هۆزی هەمەوەند یاریدەی بونیاتنەری سلێمانی، سولێمان پاشای بابانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

قەراچوالان-یان داوە دژ بە پاشای بەغدا (سولێمان) لە دەوروبەری ساڵی ١٧٨٧. دواتر هاوپشتییان لەگەڵ بنەماڵەی بابان هەر بەردەوام بووە و دوای دامەزراندنی سلێمانی لە ساڵی ١٨١٩، کۆمەگی ئەورەحمان پاشای بابان-یان کردووە دژ بە تورکەکان. دواتر لەگەڵ ئەحمەد پاشای بابان دژ بە نەجیب پاشا نزیك کۆیسنجاق ساڵی ١٨٣٤. لەم ڕەوشەدا هێزی کوردەکان تێدەشکێ و هاوپشتییەکە دەشکێ و ئەحمەد پاشا پەنا دەباتە بەر چیای بەمۆ.

لە ساڵی ١٨٣٦ لە نوێوەوە پێوەندی بە بنەماڵەی بابان دەکەن لە ژێر سەرکردایەتی عەزیز بەگی بابان کە زنجیرەیەك جەنگی دژ بە تورکەکان لە کرپچنە و دەربەندی بازیان هەڵگیرساند. عەزیز بەگ بە یەکجاری تێکدەشکێ و هەمەوەندەکانیش پەرت و بڵاودەبنەوە.

دوای ماوەیەکی دووروودرێژ دوای ئەوەی هۆزی هەمەوەند هەموو دوو یان سێ ساڵێك لە دژی تورکەکان ڕادەپەڕین، ئەم ڕاپەڕینە دەمووەدست دوای جەنگی قرم کۆتایی هات، وەختایەك هۆزەکە پەرت و بڵاوبوونەوە و هەڵاتنە زەهاو و حەوت ساڵان لەوێدا مانەوە. لەوێوەوە بە بەردەوامی هێرشیان دەهێنا تا کفری و ترس و تۆقینیان لە ناوچەکە بڵاودەکردەوە. لە ساڵی ١٨٦٢وەك چۆن پاشالیکی بەغدا سەیری کرد کە سزادانی هەمەوەند هیچ واتایەکی نییە، ئەو دەم ڕێگەی بە هەمەوەندەکان دا بگەڕێنەوە بۆ بازیان.

لە ساڵی ١٨٦٧ هۆزی هەمەوەند لە دژی نامیق پاشای بەغدا ڕاپەڕین و دوای جەنگێکی دووروودرێژ سەر لەنوێ کشانەوە بۆ زەهاو و ٢ ساڵ لەوێدا مانەوە و دوای ئەوەی کە حافز و تەقی پاشا نێردران بۆ صەلاحیە بۆ ئەوەی لەگەڵ یاخیبووە کوردەکان ڕێکبکەون. محەمەد

بەگی باجەڵان سەروکاری ئاشتییەوایی بۆ هەمەوەندەکان ڕێکدەخست و جارێکی دیکە هەمەوەندەکان گەڕانەوە بازیان. نزیکەی پێنج ساڵ بە هێمنی دانیشتن، بەڵام دواجار دژی مەدحەت پاشا ڕاپەڕین و ئاواییەکانی کەرکووکیان تێك و پێکدا، چەندین جار شەڕی هێزە نیزامییەکانیان کردووە. مەدحەت پاشا هێزێکی تایبەتیی کە ٥٠٠ چەرکەس دەبوو بردە سەریان و ئەم هێزە لە نزیك دوانزە ئیمام ( لە ناوچەی کفری) لە لایەن هەمەوەندەکان تێکشکا. هەوڵدانێکی دیکەی تورکەکان لە خانەقی هەر هەمان چارەنووسی بۆ نووسرا.

ڕەووف پاشا، جێگرەوەی مەدحەت پاشا وا پێدەچوو زیاتر سەرکەوتووتر بووبێت، چونکە کۆتایی بە دوژمنکاری هێنا لەگەڵ هەمەوەندەکان و سەرۆکەکانی ڕازی کردن کە بچنە بەغدا پەیماننامەیەك مۆربکەن کە بە شوێن ئەم پەیماننامەیە هۆزەکە جارێکی دیکە لە بازیان نیشتەجێ ببنەوە.

پرۆسەی ئاشتی تا ساڵی ١٨٧٥ درێژەی کێشا و لەگەڵ جاڕدانی جەنگی ڕووسی-تورکی هۆزەکە خۆویستانە چوونە قەوقاز کە تا ئەو دەمانە پیاوەکانی هۆزەکە هەر تەنها بە دەمانچە و ڕم چەکدار بوون، بەڵام لە قەوقاز بە چەکی ڕووسی گەڕانەوە و دوای ئەوە ڕمەکانیان فرێدان.

ساڵی ١٨٧٨لەگەڵ زەنگەنە لە ئیبراهیم خانچی تێگیر بوون، بە هۆی ئەوەی کە ئەوانەی دوایی بە خیانەت یەکێك لە سەرۆکەکانیان کوشتبوو. زەنگەنە کە دەشکێن هەڵدێنە شێخ لەنگەر و لەوێوە هەمەوەندەکان بەشوێنیان دەکەون. لەم ماوەیەدا زەنگەنە داوای کۆمەگ لە هێزی نیزامی دەکەن و هێزێك کە پێکهاتبوو لە بەتالیۆنێك پیادە، ٦٠ سوارە، ٤٠ قاتر سوار و ٢ تۆپی سووکی چیایی لەژێر سەرکردایەتی

www.zheen.org

عەبدوڵڵا ئەفەندی خانەقیی بۆ سەر شێخ لەنگەر هەڵدەکشێ و لەوێدا قایمقامی صەلاحیە، هێزێکی ٧٥٠ سوار، ٨٠ ژەندرمەی ئەسپسوار و هەروەها هۆزەکانی زەند و پالانی و چەند سوارەیەکی تالەبانی و باجەلان پشتیوانی لە هێزەکە دەکەن.

لەگەڵ کازێوەدا هەمەوەندەکان پەلاماریان دەدەن و تۆپەکان و سەرکردەی بەتالیۆنەکە لەگەڵ هەموو سوارەکانی صەلاحیە بەدیل دەگرن. دیلەکان دوای ئەوەی چەکیان دەکەن ئازادیان دەکەن. لەکاتی گەڕانەوەیان هەمەوەندەکان تووشی دوو بەتالیۆنی سوارە دەبن کە لە کەرکووکەوە ڕەوانە کرابوون. ئەوانیش بەهەمان شێوە تێکدەشکێنن.

هێزێکی گەورە خرایە ژێر سەرکردایەتی ژێنێرال ئەدهەم پاشا کە پێکهاتبوو لە ٨ بەتالیۆنی سوارە، یەك فەوج و نیو سوارە و بەتالیۆنێکی سوارەی چیایی. یەکەم پێکداهەڵپرژان لە گۆك تەپە ڕوویدا و هەمەوەندەکان ڕێگەیان بۆ کشانەوەی فراکسیۆنە نا جەنگاوەرییەکانی هۆزەکەیان دابینکرد بۆ ناو زەوییەکانی ئێران. لەکاتی جەنگدا هەمەوەندەکان توانیان دەوری هێزەکە بگرن و ژێنێرال ئەدهەم پاشا بە دیل بگرن. دواتر ئازادیان کرد و بە بێ شەڕ کشانەوە بۆ زەهاو.

لەوکاتەوە دەستیانکرد بە زنجیرەیەك لەشکرکێشی و پەلاماری بەرفراوان کە ناو و شۆرەتی پێبەخشین. لە زەهاوەوە وەك ناوەند پەلاماریان بۆ ناوچەکە لە کەرکوك تا تەیسەفوون و کرماشان بۆ سەر زەوییەکانی ئێران دەبرد. ئەمە نزیکەی دوو ساڵ و نیوی خایاند. تا ئەو دەورانەی کە هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیا کەوتنە ڕاوێژ بۆ ئەوەی چارەیەك بۆ ئەم ڕەوشە بدۆزنەوە، ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە ئەوەبوو کە لە هەمەدان هێزێك کە پێکهاتبوو لە ٢ فەوجی هەمەدان،

فەوجی زەنگەنەی کرماشان، فەوجەکانی کولیایی و گۆران، دوو فەوجی کەرەند، کەلهور، سەنجابی و ئەحمەدەوەندی بوهتی کە هەموویان نزیکەی ١٥٠٠٠ پیاو دەبوون. تورکەکان لە لایەن خۆیانەوە لەشکرێکی گەورەیان لە لێواری سیروان کۆکردەوە. هەمەوەند خێزانەکانیان لە عەلی پاکانی نزیك جۆباری عەباسان جێهێشت و بەرەو ڕووی ئێرانییەکان ڕۆیشتن. لە بەشی جنووبی پێدەشتی باجەلان لە حاجیلار و سەرتەف، هەمەوەندەکان بەرەنگاریان بوونەوە و چەند هەزار ئێسترێکی ئازووقە هەڵگریان بە دیل گرت و تا ماهیدەشت بە شوێنیانەوە کەوتن و دەستەکەوتێکی گەورەیان هەبوو. لێرەوە دەگەڕێنەوە و لە قووتوور و قەسری شیرین جێگیر دەبن.

لەم ماوەیەدا هێزەکانی تورك بەهۆی خۆدزینەوەی مەنسوور پاشای مەنتەفیك کە لە بەغدا ڕایکردبوو و عەرەبەکانی هۆزەکەی ڕاستکردبۆوە، داواکرایەوە. سەرکردایەتی لە سیروان مایەوە بۆ ئەوەی وتوێژ لەگەڵ هەمەوەندەکان بکات، ئەنجامی وتووێژەکان بەوە شکایەوە کە هەمەوەند بتوانن ئاشتی بەدەست بهێنن و واز لە نیشتەنیی نوێ یان بهێنن لە کەرەتوو و بە دیالەدا بگەڕێنەوە بۆ بازیان، ١٧ ڕۆژیان دانا بۆ گواستنەوەی غەنیمەکانیان بۆ ئەو دیوی ڕووبار. هەمەوەندەکان پێشنیاری ئەوەیان بۆ تورکەکان کرد کە یارمەتیان بدەن دژ بە عەرەبەکان، بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە بەهیچ شێوەیەك پەسند نەکرا.

لە ساڵی ١٨٨٠ شاترییەکانی جاف لەژێر سەرکردایەتی عەزیز شا وەیس ڕێککەوتن بۆ پەلاماردانی پەلی سەرەکی جافەکان و محەمەد پاشای جاف- یان کوشت، دوای ئەوە هەڵاتن و پەنایان بردە بەر هەمەوەندەکان کە لەژێر سەرکردایەتی جوانمێری بنەماڵەی بەگزادەی

هەمەوەنــدا بــوو. ئــەو دەم فراکــسیۆنی ســەرەکی جافــەکان پــەلاماری هەمەوەندەکانی دا کە ڕەتیانکردووەوە شاترییەکان بەدەستەوە بدەن بەو بیانووەی کە ئەوان تەنها تۆڵەی خوێنی خۆیان سەندۆتەوە. شەڕێك لە نزیك گل* دا بەرپابوو کە تێیدا جافەکان شکان.

تەقی پاشای والی بەغدا ئەوکاتە بۆ پاڵپشتیکردنی هێزی جافەکان سوپاییێکی ڕەوانەکرد. جافە شاتیرەکان و ژن و منداڵی هەمەوەندەکان بە ساغ و سەلامەتی ڕەوانەی زەهاو کران و جەنگاوەرەکانی هەمەوەند بۆ ماوەی دوو مانگ شکستیان بەهێزەکان هێنا، لە کاتێکدا کە جوامێر ناوەندی دەسەلاتی خۆی لە قەسری شیرین قایم دەکرد.

لەوکاتەدا ظل سولتان، حاکمی گشتی ئەسفەهان هێزێکی پێکەوەنا و داوای لــە جــوانمێر کــرد کــە بــە خــۆیی و ٤٠ ئەسپــسوارەوە بــەرەو ئەسفەهان هەڵبکشێ. جوانمێر مانگانە ١٠٠ تومانی لە حاکمی زەهاو وەردەگــرت بــۆ مەسـروفاتی خــۆیی و گەڕایــەوە ناوچــەکە و دوای ئــەوە دووبــارە داوای ئەسپــسوارەکانی کــرد بــەردەوامبن لــە پەلاماربردنــە نــاو خــاکی تورکیــا و قــەڵای جــوانمێری دروســتکرد کــە ئێــستەکەش پاشماوەکانی هەر بەو ناوەوە لە قەسری شیرین ماوە و لە حکومەتی ئێران یاخی بوو و دەستیکرد بە پەلاماردانی دووروودرێژ و ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەردوو حکومەت لە نوێوەوە خەریکی گفتوگۆ کردن بوون.

کردارێکی سەربازی لەژێر سەرکردایەتی حسام ئەلمولوکی ئێرانی و کــورت ئیــسماعیل پاشــای دیاربــەکر لەگــەڵ ســوپایەکی تــورکی بەغــدا ڕێکخرا. ئەمە لە ساڵی ١٨٨٤ بوو.

---

Gil *

حـــساموليمولوك بـــه وادەی درۆ جـــوانمێری ڕازیکـــرد بـــچێته ئۆردووەکەی له نزیك قەسری شیرین و له ڕەشماڵەکەی خۆی له پشتەوه بەر خەنجەری دا. ئەودەمه هۆزەکه هەڵاتنه قەرەداغ.

دوای ئـەم ڕووداوانـه محەمـەد پاشـای داغستانی چووه خانـەقی و بۆیـان تێکـەوت. لـه ئەنجامـدا بەشـێکیان لـه شـامەوه بـۆ تـەرابلس و بەشێکیشیان بۆ ئەدەنه دوورخرانەوە، محەمەد پاشا تـەنها ٣٠ سوارەی بـه خێزانـەوە گێڕایـەوە کـه لـه زەهـاو دا جـێگیر کـران. ساڵی ١٨٩٦ فراکسیۆنی تـەرابلوس توانیان بـه کۆمـەڵ خۆیـان ڕزگـار بکـەن و خۆیـان بگەیەننەوه بازیان. ئەم ئۆپیراسیۆنه بـه هاوکاری تـەواوی هـۆزی شوان جێبـەجێکراوە. پـەلی زەهـاو هاتـه بازیـان و پێیانداگرت بـۆ ئازادکردنی پەلی ئەدەنە.

چـەند مانگێـك دواتـر، ١٥٠ سـوارەی پـەلی ئەدەنـه خێزانـەکانیان جێهێشت (بـه گوێرەی ئـەو پلانـەی کـه پێشتر دایانڕشتبوو) ڕایانکرد لـه کاتی ڕۆیشتنیان والی ئەدەنەیان ئاگادار کردەوە. لەگـەڵ ئـەوەش کـه بـه شـوێنیانەوە چـوون: کەچـی توانیـان سـەربکەون و هەوڵەکـه پوچـەڵ بکەنەوه و ئەو هەولانەش کە بۆ ڕێگه بڕینی حەلەب و دێر زوور گیرانـه بـەر سـەرکەوتوو نـەبوون. ئـەوانیش خۆیـان گەیانـدەوه بازیـان. ٤٠٠ هەمەوەنـد بـەرەو موسـل بەڕێکـەوتن و جاڕیـان دا کـه ناوچـەکە تـالان دەکەن ئەگەر خێزانەکانیان له ئەدەنه نەگێڕنەوە. داواکەیان قەبووڵ کراو خێزانەکانیان لەسەر حسابی حکومەت ڕەوانەی بازیان کرانەوە.

تـا سـاڵی ١٩٠٨ هـۆزی هەمەوەنـد ئـارام دانیـشتبوون، بـەڵام لـەکاتی شـەهیدکردنی شـێخ سـەعیدی قـەرەداغی[١٧]، ڕاپـەڕین و دوای ئـەوەی بـۆ

---

[17] مەبەست شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودی حەفید زادەیە، وەرگێڕ.

چەند مانگێک ناوچەکەیان هەژاند، دووبارە کشانەوە زەهاو. تا ساڵی ١٩١٠ هەر لەوێدا مانەوە، دوای ئەوەی کە نازم پاشا بینی ناتوانێ سزایان بدات ڕێگەی دان بگەڕێنەوە و لەو کاتەوە هەمەوەند ئارام دانیشتوون گەرچی ڕەتیانکردۆتەوە کە باج بدەن.

## درەختی بنەماڵە

### باپیرەی هاوبەش: چەلەبی هەمەوەند

| نەوەی دووەم | نەوەی سێیەم | نەوەی چوارەم | نەوەی پێنجەم |
|---|---|---|---|
| ڕەسووڵ | فەقێ قادر | فەتاح بەگ | کەریم بەگ |
| عوسمان | کوڕی نییە | | |
| ڕەحیم | قادر | | |
| | دەروێش | ژمارەیەک نەوەی لە ژیاندا بوو | |
| | شەریف | | |
| کاک عەبدوڵڵا | عبدالرحیم | ٤ کوڕ و ژمارەیەک کچ | |
| مام سولێمان | محەمەد | موشیر | |
| ڕەمەزان | عومەر | قادر | ئەمین |
| ڕەشید | بەهرام | عەزیز | حوسێن باوکی |
| | | | مەحموود ئاغا |
| سەفەر | کەریم | خدر | مەحموود ئاغا |

ناوی سەرۆکەکانی ئێستەیان هێڵیان بەژێردا هێنراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## (١٠) ئیسماعیل عوزێری Ismail Uzairi

**سەرۆك، هیدایەت بەگ**

**تیرە:** هیچی نەناسراوە

**سەرۆکی جێگرەوە:** نییە

**هێز:** نزیکەی ٦٠٠ بنەماڵە، ٢٠٠ سوار، ٥٠٠ پیادە.

**شوێن:** لە زستانان لەو ناوچانەی کە دەکەونە نێوان چیایەکانی دوکان- تۆکمە داغ- سەردەشت-چیای ئەسکووت ( باکووری سەید عەلی). هاوینان لە ئێران.

**تێبینییە گشتییەکان:**

هۆزێکی ڕێگری تەواو کۆچەرن و هیچ بەرهەم ناهێنن. بە گشتی هیچ پەلاماری حوکمڕانی سوننی نادەن و ئۆپیراسیۆنەکانیان تەنها لە ئێران سنووردار کردووە.

## (١١) جەباری Jabbari

**سەرۆکهۆزی باڵایان نییە**

**تیرەیان:** نییە

**بەگزادە:** سەید ئەحمەد، سەید ئیبراهیم، سەید سولێمان.

**هێز:** ٥٠٠ ماڵ، ٢٠٠ ئەسپ، ٢٠٠ پیادە.

**شوێن:** لەو ئاوایانەی کە بەمشێوە سنووردراون:

**باکوور:** خاسەی شوان

**باشوور:** لەیلان سوو

www.zheen.org

ڕۆژهەلات: چەمچەماڵی هەمەوەند

ڕۆژئاوا: کەرکووک

**تێبینییە گشتییەکان:**

هۆزێکی لا شەڕن و هەڵس وکەوتیان چاکە بە تایبەت لەگەڵ ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی ئەو هۆزانەی لە دەوری بنەماڵەی جەباری گردبوونەتەوە و سەر بە بنەماڵەی بەرزنجیین. هۆزی جەباری هەمیشە لەگەڵ تورکەکان نێوانیان ناخۆش بووە.

**درەختی بنەماڵە**




بنکەی ژین
www.zheen.org

# (١٢)Jaf جاف

## سەرۆکی باڵایان نییە

**تیرەکان، سەرۆکە جێگرەوەکان و گرینگی ئەم هۆزە لەم خشتەیەی خوارە، بە هەمان شێوە شوێنی فراکسیۆنە نیشتەجێیەکانیش دەستنیشانکراوە**

| ناو | سەرۆك | ماڵ | ئەسپ | پیادە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| هاروونی | عەبدول محەمەد محەمەد ئەمین | ٨٠٠ | ٣٠٠ | ٤٠٠ | کۆچەر |
| ئیسمایل عوزێری | فەقێ قادری فەقێ مەحموود | ١٥٠٠ | ٧٠٠ | ١٥٠٠ | کۆچەر |
| میکایلی | حەسەنی حاجی قادر | ٢٠٠٠ | ٧٠٠ | ١٥٠٠ | کۆچەر |
| ڕەشوبۆری | ا) فەتاحی کامەران ب) ساڵح کاکە خان | ١٠٠٠ | ٥٠٠ | ٤٠٠ | نزیکەی ٢٥٠ بنەماڵە لە تەپەچەرمکی سەرقەلا نیشتەجێن، ئەوانی دیکە کۆچەرن |
| تەرخانی | ج) ڕوستەمی حەمە مەحموود | ٥٠٠ | ٢٠٠ | ٢٠٠ | |
| شاتری | حەمە حوسەینی | ٥٠٠ | ٢٠٠ | ٣٠٠ | کۆچەر |
| | حەمە ڕەشیدی فەرەج | ٣٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | |
| | | ١٠٠٠ | ٥٠٠ | ٥٠٠ | کۆچەر |

| ناو | سەرۆك | ماڵ | ئەسپ | پیادە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| | مەحموودی محەمەد ئیبرایم حەمەی فەرەج ئاغا فەرەجی محەمەد ڕەسووڵ | | | | لە سەی خەلیل نیشتەجێن. میروەیسی |
| ناو | سەرۆك | ماڵ | ئەسپ | پیادە | **تێبینی** |
| سادانی | خوسرەو مچە | ٣٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | کۆچەر |
| باداغی | کورد عیسا | ٢٥٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | کۆچەر |
| باشکی | حەمە لاو | ٣٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | کۆچەر |
| ئامالە | محەمەدئەمینی مەحموودی سوارە | ٤٠٠ | ١٠٠ | ٢٠٠ | کۆچەر |
| یوسف جانی | حەمە تالێم | ٥٠٠ | ١٠٠ | ٢٠٠ | کۆچەر |
| نەوڕۆڵی | سولێمانی عەلی وەیس | ١٥٠٠ | ٤٠٠ | ٥٠٠ | لە شارەزوورەوە نیشتەجێن |
| کەمالی | عەزیزی حاجی عەبدولڕەحمان | ٥٠٠ | ١٥٠ | ٢٠٠ | کۆچەر |
| یەزدانبەخشی | دەروێش سەمین | ٩٠٠ | ١٠٠ | ٤٠٠ | کۆچەر |
| تاوەگۆزی | | ٢٠٠ | ٣٠ | ٧٠ | لە تاوەگۆز نیشتەجێن |
| جەلالی | حەمەی جان ئەحمەد | ١٥٠٠ | ٥٠٠ | ١٠٠٠ | کۆچەر. پشدەری، تیرە |
| جەلالی | سەید محەمەد | ٥٠٠ | ٢٠٠ | ٤٠٠ | کۆچەر |
| پشتەماڵە | ڕەزا ئاغا | ٥٠ | ١٠ | ٢٠ | کۆچەر |
| بێساری | کەریم قوباد | ٢٠٠ | ٥٠ | ١٥٠ | کۆچەر |

بنکەی ژین
www.zheen.org

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| یاروەیسی | کەریمی فەتاح مچە | | | | کۆچەر |
| | ئەحمەدی حەمە | ٢٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | کۆچەر |
| شێخ | ئەحمەدی فەتاحی | ١٠٠٠ | ٤٠٠ | ٧٠٠ | کۆچەر |
| ئیسماعیل | مەحموودی یار | ٣٠٠ | ٧٠ | ٢٥٠ | دار ئیمام عەلی لە |
| عیسایی | وەیس | ٦٠ | ١٠ | ٢٠ | صەڵاحیە |
| سوفلەوەند | قادر ساڵح | | | | نیشتەجێن |
| | عەلای ئەمیر خان | | | | |
| | موستەفای قادر | | | | |

**شوێن:**

پەلی کۆچەری هۆزەکە لە زستانان بەزۆری بە درێژایی ڕووباری ڕۆژئاوای سیروان لە بانی خێڵانەوە تا بەرامبەر قزلرەبات دەژین و هاوینانیش لە ڕێگەی ناوچەی پێنجوینەوە خۆیان دەگەیەننە ناو خاکی ئێران لە نزیک سنە (کوردستانی ئێران). بەداغی و سادەنی بڕێکجار هۆرین و پێدەشتی شێخانیش دەبڕن.

**تێبینییە گشتییەکان:**

هۆزی جاف (کە بە گشتی بە ناوی جافی مورادی ناسراون) لەودیو یاسا دەژین، کێوی، درندە و هۆزێکی شەڕفرۆشن، دەتوانن لە کاتی پێویستدا بە توندی شەڕبکەن. فراکسیۆنەکانی لەنێوخۆیاندا هێندە پارچە پارچەن کە ناتوانن هیچ کاری هاوبەش بەیەکەوە بکەن، سەرلەبەری هۆزەکە نێچیری تۆڵەسەندنەوەیە، بەم شێوەیە لە ئەنجامدا

بەشـێکی گـەورەی کـاتی هۆزەکـە دەگـرێ. ئـەوەی بەڵگەنەویـستە لای جافەکان کەوا هیچ فراکسیۆنێکیان نابێ لەگەڵ هۆزێکی دیکەی غەیرە جاف دا پێوەندی چاکی ببێ ئەگەر ئەوهێندە بەهێز بێ بۆ پلیشانەوە و لەڕیشەدەرکێـشانی هـۆزە غـەیرە جافەکـە. هەڵبـەت، لەبـەر ئـەم تایبەتمەندێتیـەی لەسـەرەوە بـاس کـرا، زۆر کـەم لـە فراکـسیۆنەکان ئەوهێندە بەهێزن بتوانن شەڕی هۆزە غەیرە جافەکان بکەن. ئەم کەش و هەوایـە نائـارام و درۆدۆنگیـەی کـە بـە دەوری هـۆزی جافەوەیـە بووەتـە سـۆنگەی پـەرت و پەرشـبوونەوەیان چـونکە زیـاد لـە چـەند لقـە- فراکـسیۆنێکیان لێـی جیابۆتـەوە و چـوون لـە دەڤـەرێکی زۆر دڵنیـاتر ژیاون. لە گرینگترین ئەم تیرانە ئەمانەن:-

| | |
|---|---|
| قوبادی | میرەبەگی |
| باباجانی | دایتیری [ دوێتوێیی ] |
| وەڵەدبەگی | نامدار بەگی |
| ئێناخی | تایشەیی |
| ئیمامی | قادر میر وەیسی |
| دەروێشی | نێرژی |
| دلەتەزە [دەلەژێری] | شەرەفبەیانی |

بنکەی ژین
www.zheen.org

کە هەر یەك لەمانە ئێستە هۆزی سەربەخۆ و گەشەکردوون.

هۆزی جاف سەرلەبەریان سوونین و لە ڕووی ئاینینیەوە هێندە ئایین پەروەر نیین.

**مێژوو:**

گێڕانــەوە هۆزەکییــەکان و مێــژووی ئــەردەڵان ئــەوەمان بــۆ بــەدیاردەخات کــە لــە بنەوانــدا هۆزەکــە زۆر لــەوە بــچوکتر بــووە و لــە ناوچەیەکی جوانڕۆ لە هەرێمی ئەردەڵان نیشتەجێ بوون. تا ٢٠٠ ساڵ بەر لە ئێستەش بەگەکانی جاف ئەم هەرێمە تەواو سەربەخۆیەیان بە بێ کۆنترۆلی هیچ ڕەعیەتێکی ئێرانی لەژێر دەسەلاتی والیەکانی ئەردەڵان ئەم ناوچەیان بەڕێوە بردووە. لەبەر زۆر هۆ هەڵبەت دوژمنایەتی لەنێوان بەنی ئەردەڵان و بەگەکانی جاف دا هەڵگیرسا و لەشکرکێشییەك لە سنەوە بۆ سەر جوانڕۆ بەڕێخرا کە لەو لەشکرکێشیەدا سەرۆکەکانی جاف، برایەکانی و کوڕەکانی بەدیل گیران و کوژران. لە دوای ئەمە ژمارەیەکی زۆری سەرۆکی تیرەکان کە مابوونەوە هەڵاتن و پەنایان بردە بەر پاشای سلێمانی، لەکاتێکدا کە ژمارەیەکی کەمیان لە وەڵاتی باو و باپیران لە جوانڕۆ مانەوە و کوڕەکەی والی ئەردەڵان بوو بە حاکمی جوانڕۆ. پەلی بنەڕەتیی جافەکان و هەروەها ئەوانەی کە سەرۆکەکانیان کوژرا پێیان دەڵێن مورادییەکان کە گەورەترین بەشی هۆزەکە دەگرێتەوە و نزیکەی ١٠٠٠٠ بنەماڵەن و بەڕێوەی ناو خاکی پاشای کوردیی سلێمانیی بوون. بەرێکەوتن لەگەڵ حکومەتی تورك، لە لایەن حکومەتەوە ڕێگەیان پێدرا ئەم ناوچانەی خوارە بگرن، لە هاوینان لە ناوچە بەرزاییەکانی سنووری ئێران لە دەوروبەری پێنجوین و لە زستانانیش ئەو زەوی و زارانەی کە سەر بە حکومەتی کەرکووکن، و لە پاییزان و بەهارانیش پێدەشتی شارەزوور، لە حکومەتی مەحەلی گوڵعەنبەر. ئەوە بەمشێوەیە بوو کە هۆزی جاف بەمشێوەیەی ئەمڕۆ ئێمە دەیناسین فراکسیۆنە گەورەکانی پێکهێنا و لە ئاواییەکانی

شارەزوور جێگیر و نیشتەجێ بوون بە تایبەت دوای ئەو ڕەشەکوژییەی کە لەژێر دەسەڵاتیی شێخ عەبدولقادر لە دەور وبەری ساڵی ١٨٠٠ دا ڕووی دا.

ئەوانەی کە لە جوانڕۆ دەژیان، بڕێکیان نەیانتوانی ملکەچی حوکمی ملهوڕیی شازادەکانی ئەردەڵان بن و پەڕیوەی نا و ئەوخاکە بوون کە لەگەڵ گۆرانەکان تێکەڵ بوون و خۆیان خستە ژێر پاراستنی سەرۆکی گۆرانەکان (سولتان) و بوون بە گۆران. ئەم پەلانە بریتی بوون لە تیرەکانی قادر وەیسی، تەیشی، یوسف یار ئەحمەدی، کیویك، نیرزەهی و گورگەکێش، کە ئێستەش هەر بەشێکن لە هۆزی گۆران.

هەتا ئێستەش چەند هۆزێکی چکۆڵەی جاف لە جوانڕۆکان ڕەعیەتی ئێرانن و لەژێر دەسەڵاتی حوکمی حکومەتی سنەن و بەتەواوی لە جاف جیابوونەتەوە. ئەوانە بریتیین لە قوبادی، باباجانی و وەلەد بەگی، ئایناخی، ئیمامی، دەروێشی، دیلافرها، میربەگی، دێتری و نامداربەگی. هەندێك لەوانە نیشتەجێن و هەندێکی تریان لە زستانان بەرەو پێدەشتی زەها و کۆچ دەکەن.

### (١٢ ئا) بنەماڵەی جاف

### سەرۆك: مەحموود پاشا

بنەماڵەی جاف سەر بە هۆزی جاف نییە، چونکە ئەوە چەند ساڵێکە کە، ئەم بنەماڵەیە هیچ هەژموون یا دەسەڵاتێکی بەسەر هۆزەکە نەماوە و دوورخراوەتەوە. ئەندامەکانی بنەماڵەکە دەتوانن لە نێوان خۆیاندا ٥٠٠ سوارە ئامادە بکەن، بەڵام هێندە لەیەك دوورەپەرێزن و ئەوهێندە سەرقاڵی موڵکداریێتی خۆیانن کە ناتوانن بین بە بەکارهێنەری ڕاستەقینە

www.zheen.org

جگـە لـەوەی کـە دەشـێ وەك بەڕێوەبـەری لۆکـالی بـۆ پرسـگەلێك کـە دەخاڵـەتی هـۆز نـەکات بـەکاربهێنرێن. دارمـانی ئـەم بنەماڵەیـە بـە پلـەی یەکـەم دەگەڕێتـەوە بـۆ چاوچـنۆکیی مـەحموود پاشـا کـە پیـاوێکی کـەم دووربین و تەسکبین بوو و بە ئاکاری ناپەسندانەی خۆی ۳۰ ساڵ بەر لە ئێستە هۆزەکەی لە خۆی ڕەنجاند. بنەماڵەی جاف تەواو، ئەوەی کۆنـە جاف مورادییە کە جاران حوکمڕانی هۆزەکەی دەکرد و چەند ژمارەیەك لە ئەندامی بیر ڕووناك و زۆر تێگەیشتووی هەبوو.

ئەم بنەماڵەیە بە گشتی لەژێر ناوی "بەگزادە" ناسراوە و دابەشی سەر دووبەش دەبێت، ئەوەی کەیخوسرەو بەگی و ئەوەی بەهرام بەگی کە وردەکاریەکانی لە خوارەوە بەدەستدراون.

مـەحموود پاشـا هـەموو موڵکـەکانی لـە نێـوان کـوڕ و کوڕەزایـەکانی دابەشکرد، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ناوەکەی لە ناو لیستی موڵکدارەکان وەدیارنەکەوتووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## درەختی بنەماڵەی بەگزادەکانی جاف

### (١) چڵی کەیخوسرەو بەگی

| کوڕەکانی کەیخوسرەو بەگ | کوڕەزای کەیخوسرەو بەگ | کوڕی کوڕەزای کەیخوسرەو بەگ | **کوڕی کوڕی کوڕەزای کەیخوسرەو بەگ** |
|---|---|---|---|
| محەمەد پاشا | مەحمود پاشا | حوسین بەگ<br>کەیخوسرەو بەگ<br>عەلی بەگ<br>ئەحمەد بەگ | **عەبدوڵڵا بەگ** |
| | حەسەن بەگ | حوسین بەگ<br>بەهجەت بەگ<br>محەمەد بەگ | |
| | سولێمان بەگ | عەلی بەگ<br>حاجی ئیبراهیم بەگ<br>عەبدولقادر بەگ | |
| | فەتاح بەگ | محەمەد بەگ<br>کەریم بەگ<br>ڕەزا بەگ<br>محەمەد بەگ<br>داود بەگ<br>عەبدولڕەحمان بەگ | **ئەمین بەگ** |
| | محەمەد عەلی بەگ | ئەحمەد بەگ<br>جەمیل بەگ<br>ئەدهەم بەگ | **کەمال بەگ** |

بنکەی ژین
www.zheen.org

| | | | |
|---|---|---|---|
| | عوسمان پاشا | محەمەد بەگ<br>تاهیر بەگ<br>کامیل بەگ | |

**درەختی بنەماڵەی بەگزادەکانی جاف**

**(٢) چڵی بەهرام بەگی**

**هەموویان لە شارەزوور نیشتەجێن**

| کوڕەکانی بەهرام بەگ | کوڕی گەورەی بەهرام بەگ | کوڕی کوڕەزای بەهرام بەگ | کوڕی کوڕی کوڕەزای بەهرام بەگ |
|---|---|---|---|
| عەبدوڵڵا پاشا | موستەفا بەگ | ئەحمەد بەگ | |
| قادر بەگ | تەوفیق بەگ<br>حەسەن بەگ<br>محەمەد بەگ<br>ماین بەگ<br>جەمیل بەگ | | |
| عەبدولڕەحمان بەگ | عەزیز بەگ | کەریم بەگ<br>محەمەد ساڵح بەگ<br>موستەفا بەگ<br>نامیق بەگ<br>فایق بەگ | ئەحمەد بەگ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سەروەت و سامانی بنەماڵەی بەگزادەکان

| خاوەندارێتی | موڵکدارێتی | شوێن |
|---|---|---|
| حوسێن بەگ، کوڕی | سورەجو | شارەزوور |
| مەحمود پاشا | کانی ڕەش | شارەزوور |
| | زەڕایەن | شارەزوور |
| | ٢\١ شاکەل | لەسەر ڕووباری سیروان |
| | بیزەکان | لەسەر ڕووباری سیروان |
| | توتمان | مەریوان |
| | قەڵا کابیان | سیروان |
| | شێخ لەنگەر | قەرەبلاغ |
| | قزلجە | پێنجوێن |
| ئەحمەد بەگ کوڕی | چیوک | شارەزوور |
| مەحمود پاشا | زرگوێز | شارەزوور |
| | ٦\٢ قەرەبلاغی شێخ حەکیم | زەردەلیکاو |
| عەلی بەگ کوڕی مەحمود | بەکرییایە | |
| پاشا | کانی چەقەڵ | سیروان |
| | بانیخێلان | |
| | شێخ تەویل | |
| | ئالا | شارەزوور |
| | بشارە | |
| | قەرەتەپە | سیروان |
| | ولوسنان | |

بنکەی ژین
www.zheen.org

| | | |
|---|---|---|
| | بەرلووت | |
| | حەسەن مەحە | |
| | سەید خەلیل | پشتە |
| | تاوەگۆزی | مەریوان |
| | پێدەشتی شەمێران | |
| | وریاوە | |

**(تەواوکەری) سەروەت و سامانی بنەماڵەی بەگزادەکان**

| خاوەندارێتی | موڵکدارێتی | شوێن |
|---|---|---|
| کەیخوسرەو بەگ | قزلڕەبات | |
| | زەمەقی | |
| | ئیبراهیم ئاباد | شارەزوور |
| | کانی مانگا | |
| | گاوبان | سیروان |
| حوسێن بەگ، کوڕی | ٢\١ تەویلەجۆ | شارەزوور |
| حەسەن بەگ | ٢\١ دەککە | |
| | ٢\١ دزیایش | سلێمانی |
| کەریم بەگ، کوڕی فەتاح | ١ بەش لە ئاوبارە | سیروان |
| بەگ | ١ بەش لە شێروانە | کفری |
| | سەرقەڵا | زەنگاباد |
| | ٥\١ کۆکز | |
| | ٢ بەشی شێروانە | |
| بەهجەت بەگ، کوڕی | ٢ بەشی کۆکز | |
| حەسەن بەگ | ٥\١ دەککە | |

بنکەی ژین
www.zheen.org

| | | |
|---|---|---|
| حاجی ئیبراهیم بگ | ٢٧ ١\٢ پلوخ و ساوج– بولاق | بن کودرە زەنگ ئاباد |
| | ١\٢ دەککە | |
| عــەلی مــەحمود ڕەشــید بەگ | ٢ بەشی کۆکز | شارەزوور |
| | یاخشی | سیروان |
| | دیوانە | سیروان |
| عەبدولقادر بەگ | ١\٢ دەککە | |
| | یەك میل لە کەلار | |
| | ١ ١\٢ میل لە دەککە | |

## **کاکەیی یا قەغانلوو** (١٣)Kakai or Qaghanlu

**سەرۆکی بالآیان نییە**

**تیرە: نییە**

**بەگزادەکان: سەید وەلید ئاغا، سەید خەلیل ئاغا، سەید ڕۆستەم کوڕی سەید محەمەد.**

**هێز: نزیکەی ١٥٠٠ ماڵ، ٧٠٠ ئەسپ، ١٠٠٠ پیادەڕۆ.**

**شوێن: زەوی و زارەکانی بەمشێوەیە سنووردراوە:**

**باکوور: بەرەوان داغ و زێی بچووك.**

**باشوور: ڕێگەی سەرەکی لە تازەخورماتوو بۆ توزخورماتوو.**

**ڕۆژهەلآت: هەرێمی حەویجە.**

**ڕۆژئاوا: پێدەشتی باکووری حەمرین.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەروەها لە قەرە عەلی داغ یش هەن.

**تێبینییە گشتییەکان:**

هۆزێکی نیشتەجێی کشتوکاڵکارە. بنەماڵەی حوکمڕان لە بنچینەدا سەر بە ئەوەی بەرزنجەیە، بەڵام هۆزەکە موسلمان نییە بەڵکو لە تایەفەی عەلی ئیلاهین، وێڕای ئەوەی کە بە ئاشکرا ئەم ئاقیدەیە ڕاناگەیەنن. هۆزێکی سە ڕاست، بێوەیی و تەواو لە بندەستی سەرۆکەکانیاندان.

**خاسە و بازیان**

بەگزادە: ڕەشید، کوڕی مارف لە خاسە. داود عەبدولڕەحیم لە کێسك، عەلی لە بازیان. مەحموود ئاغا لە قوڕنە. عەمەر ئاغا و یوسف ئاغا.

هێز: بەلای کەمییەوە ٢٠٠٠ ماڵ، ٥٠٠ ئەسپ، ٥٠٠، ١٥٠٠ پیادە.

شوێن: بەشێوەیەکی گشتی لەم کەوشەنانەی خوارەوە دەژین:

باکوور: هۆزی شێخ بزینی

باشوور: ڕووباری خاسە و چەمچەماڵ

ڕۆژهەلات: زێی بچوك و تۆخمە داغ

ڕۆژئاوا: هۆزی شێخ بزینی و بیبانی*.

زۆریان لە ئاواییەکانی سەر گردی گورگور لە نزیك کەرکووك دەژین.

**تێبینییە گشتییەکان:**

لە کەوشەنی خۆیدا هۆزێکی نیمچە نیشتەجێن و بە ڕەوتاری بەرز، جەسووری و وادە و بەڵێن بەناوبانگن. تا ڕادەیەك تالاّوی جەنگیان چەشتووە و زۆر بنەماڵەی ئەو ئاواییانەی کەوتوونەتە ناوچە قەڵەمڕۆیەکانیان پەنایان بردۆتە بەر ناوچە داگیرکراوەکان**.

---

* Bibani

** مەبەست لەوە ئەو ناوچە داگیرکراوانەن کە لە لایەن سوپای هاوپیمانەکان لە دەورانی جەنگی یەکەمی جیهان داگیرکرابوون، وەرگێڕ

ناوچەکەیان بە ڕوویێکی تایبەتی بەپیت، ئاوی زۆر و خەڵکی هۆزەکە کوشتوکاڵکارێکی چاکن. وا پێدەچێ بنچینەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ هەمەوەندە ناسراوەکان هەبێ و برێکجار پێوەندیان لەگەڵ هەمەوەندەکان زۆر خراپ دەبێ کەچی دواتر دەبێتە دۆستایەتییێکی بەرفراوان وەختایەك هەمەوەندە پەڕیوەکان دوای ڕزگاربوونیان لە ڕۆژئاوا میوانداریێکی جوامێرانەیان لێدەکرێ. لەم ڕەوشەدا، پەیمانێکی دۆستایەتی هەمیشەیی مۆردەکرێ و لەو کاتەوە بە توندی لە لایەن هەردوو تەرەفەوە چاوەدێری دەکرێ. ڕەشید وەکو سەرۆکی بنەماڵەی شوان ناسراوە، هەر تەنها خۆی دەتوانێ نزیکەی ١٠٠ سوارەی چاك ئامادە بکات. هۆزەکە بە سیفەتی جەنگاوەرییان بەناوبانگن. شوان کوردی پاکی سوونین، مەزهەب شافیعین و بە دیالێکتی کورمانجی خواروو قسە دەکەن.

**مێژوو:** هیچێکی لێنەزانراوە ئەوە نەبێ کە شوێنی نیشتەنی ئێستەیان وا پێدەچێ لە هەموو دەورانێك هەر لە بن دەستیاندا بووبێت

**تیرە:** کورکی، ئەمیرخان بەگی، عەزیز بەگی، گاخوار، نادری.

**سەرۆکی جێگرەوە:** سولێمان بەگ و مارف کورەکی.

**هێز:** ٧٠٠ بنەماڵە، ١٥٠ ئەسپ، ٥٠٠ پیادە.

**شوێن:**

لەو سێگۆشەیەی کە لە گردەکانی شەوالدر لە باشووری ڕووباری سیروان، لە ڕۆژئاوا و باکووری و دۆڵی پوشتا، لە ڕۆژئاوای چیای بەمۆ لە ڕۆژهەڵاتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**تێبینییە گشتییەکان:**

لە ناوەوەی سنوورەکانی ناوەوەیدا هۆزێکی کۆچەرە و لە پێدەشتی هۆرین و شێخان کشتوکاڵ دەکەن و لە هاوینانیش خۆیان دەکشێشنەوە بۆ ناو چیایەکانی بەمۆ. تیرەکانی شەرەفبیانی بە مانای تەواوی وشەکە بریتیین لە عەزیز بەگی و ئەمیر خان بەگی. ئەوانی دیکە بریتین لە تیرەی جوتیاران. کەورکی گرینگترین تیرەی جوتیارن کە لە هەرشەل و بەنبۆ دا دەژین و بەشی سەرەکی جەنگاوەرەکان پێکدەهێنن. تیرەکانی گێخوار و نادرییەکان لە زەهاوەوە پەڕیوە بوون. بنەماڵەی شەرەفیابی لەوانەیە بە بنچینەدا جاف بن. سەرلەبەری هۆزەکە بە کورمانجی قسە دەکەن و سوننەی شافیعیین. بەپێچەوانەی زۆر هۆزی چیایی شەرەفیابییەکان ڕاو ڕووت ناکەن و عەشیرەتێکی بێوەی، ڕووخۆش و سەر ڕاستن. کەچی لەکاتی پێویست تا دوا ڕادە بەرگری دەکەن.

**مێژوو:** هیچێکی وا لە مێژووەکەیان نەزانراوە ئەوە تەنها لە ڕێگەی گێڕانەوە کۆنەکانە دەزانرێ کە دانیشتوانی چیای بەمۆن ( پێیان دەڵێن "برا گەورە"). تەمەن درێژی تایبەتمەندێتی جیاکەوەرەوەی ئەم هۆزەیە

تیرە: هیچ تیرەیەکیان ناوێکی تایبەتیان نییە و هەر یەکە لە بەگزادەکان گروپگەلی تایبەتی خۆی بەڕێوە دەبات.

بەگزادەکان: کوڕەکانی عەبدولوەهاب ئاغا، تۆفیق لە قەسرۆك. شەریف ئاغا لە تاناقول. کوڕەکانی حاجی یوسف ئاغا، عومەر لە قەراناوە. کوڕەکانی ڕەشید ئاغا، ئەسەد ئاغا و فارس ئاغا لە سەرتینار. کوڕەکانی ئیسماعیل ئاغا، میرالیْ ئاغا لە ساتو قەڵا. کوڕەکانی عەباس ئاغا، فارس ئاغا لە پەلکانە. کوڕەکانی حاجی یوسف ئاغا، عەبدولڕەحمان ئاغا لە

حەمدونە. کوڕەکانی گۆران ئاغا، هەمزە ئاغا و ڕەشید ئاغا لە گولن ئاقەچ. کوڕەکانی ئەسمە، محەمەد ئاغا لە شاوگر.

**هێز:** نزیکەی ٦٠٠ بنەماڵە، ٤٠٠ ئەسپ، ٣٠٠ پیادە.

**شوێن:**

لەسەر زەویەکانی ئەو ئاواییانەی کە سەر بەو هۆزانەن کە کەوتوونەتە کەناری باشووری زێی بچووک و شوان و ڕووبارەکە.

**تێبینییە گشتییەکان:**

هۆزێکی نیشتەجێ، کشتوکاڵکار و شوانکارەن. وێڕای ئەوەی کە هۆزەکە هیچ کات پەنا بۆ پەلاماری ڕاو و ڕووت نادەن و لە دژی تورکەکان یاخی نابن، کەچی لە ئێستەدا ژن و منداڵەکانیان ناردۆتە ناو چیاییەکان بەرەو باکوور–ڕۆژهەڵات. هۆزەکە بە توندی خزمایەتی لەگەڵ هۆزی شوان هەیە و بەگزادەکانیان زۆر بەدەگمەن لە ناو خۆیاندا دەبێتە شەڕیان. لە بنچینە دا کورمانجی ناوەڕاستن، لە ڕووی ئایینەوە سوننەی شافیعین و بە کورمانجی خواروو قسە دەکەن.

**مێژوو:** هۆزەکە ١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستە لە لایەن شێخ بزێنی خۆشناو (کوردستانی ناوەڕاست) دروستکراوە. لەوساوە تا ئێستەکە هەمیشە هەمان شوێنی نیشتەجێ بوونیان پاراستووە.

**جێگرەوەی سەرۆك:** محەمەد ئاغا و ساڵح بەگ

**هێز:** ٢٠٠ ماڵ، ١٠٠ ئەسپ، ٥٠ پیادە.

**شوێن:** لە کەرکوك لە بەرزاییەکانی قەرەحەسەن و گل.

www.zheen.org

**تێبینییە گشتییەکان:**

سەرۆکەکان لە کەرکوك دەژین. هۆزەکە هەمان ئەوەی ساڵحییەکانی دیمەشقە کە نزیکەی ١٠٠ ساڵێك بەر لە ئێستە پەڕیوە بوون و لەوێدا

گەرەکێکیان بە ناوی ساڵحیە دامەزراند. سەرۆکی تیرەکانی دیمەشق عەبدولرەحمان پاشا سالحییە. لە بنچینەدا هۆزەکە بەشێك بووە لە تایەفەی دەروێشەکانی نەقشبەندی. وا پێدەچێ لە بنەڕەتدا خەڵکی هەرێمی کەرکووك بن و بە دیالێکتی کورمانجی خواروو قسە دەکەن.

تیرە: گەچی، قەیتوون، چەرمەوەندی، کاکەوەند، نەفتچی و گاوسا واری.

سەرۆکی جێگرەوە: مستەفا بەگ. ئۆنێت* بەگ، محەمەد بەگ، عەلی بەگ، حوسێن وەلی.

هێز: ١٦٥٠ کەس ( سەرژمێری ١٩١٧) نزیکەی ٥٠٠ پیاو و ٥٠٠ ژن و ئەوەی دیکەش منداڵن. نزیکەی ٧٠ سوارە و ٢٠٠ پیادەی چەکداریان هەیە.

شوێن: لە پێدەشتدا بەمشێوەیەی خوارەوە سنووردراوە:

باکوور: بەرزاییەکانی دامێنی چیای ئەبی نەفت تا سنووری ئێران

باشوور: تەنگی سومبار و هێلی ڕۆژئاوا تا ئەبی نەفت.

ڕۆژهەڵات: سنووری ئێران

ڕۆژئاوا: ئەبی نەفت

**تێبینییە گشتییەکان:**

هۆزی کوردی لە هەموان باشووری ترن، سەرقاڵی کشتوکاڵ و مەڕداری و نەوت کارین کە بە باری کەران دەیانگوازنەوە. بە گشتی هۆزێکی بێوەین بەڵام چاك بەرگری لە خۆیان دەکەن ئەگەر خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. بە دیالێکتی کوردیی ئەوپەڕی جنووبیی قسە دەکەن. کورمانجی قسە ناکەن و سەرلەبەریشیان شیعەن.

---

Aunet *

**مێژوو:**

لەوەتەی دەورانی هەرە کۆنەوە لەم شوێنەی ئێستەیان بڵاوبوونەتەوە، وێـرای ئـەوەی کـە وا پێدەچـێ بـشێ خزمایـەتی بنـەڕەتیان یـان لەگـەڵ میللەتانی سەر سنوور، لوڕی کوردیی خەڵکی ئایوان و شیوی سومبار دا هەبێ.

**هێز:** نزیکـەی ٣٥٠ مـاڵ. بـەر لـە جـەنگ دەیـانتوانی ٢٠٠ ئەسـپ و ١٠٠ پیادەڕۆ ئامادە بکەن.

**شوێن:** سنوورەکانی بەمشێوەیە:

**باکوور:** زەنگاباد

**باشوور:** جۆگەی قەرە تەپە

**ڕۆژهەڵات:** ڕووباری سیروان

**ڕۆژئاوا:** گردی کەشکەوڵ

بڕێکیشیان لە دەککا دەژین.

**تێبینییە گشتییەکان.**– هـۆزێکی نیـشتەجێی کشتوکاڵکارەن. هـەموویان سوونەی شافیعین و بە دیالێکتی کورمانجی خواروو قسە دەکەن.

**مێژوو:** هیچ شوێنەوارێکیان نییە.

: نییە

سەرۆکی جێگرەوە: نییە

**هێز:** نزیکەی ٥٠٠ ماڵ، ١٠٠ ئەسپ، ٤٠٠ پیادە.

**شوێن:** ئاوایی لەیلان لەگەڵ دەوربەرەکانی کە بەمشێوە سنوور دراوە:

**باکوور:** قەرە حەسەن (جۆباری لەیلان)

**باشوور:** زەوی زارەکانی تاڵەبان

بنکەی ژین
www.zheen.org

**ڕۆژهەڵات: زەوی و زارەکانی هەمەوەند**

**ڕۆژئاوا: حەسەن قولی تەپە و سەرج داغ.**

**مێژوو: نەزانراوە**

**تێبینییە گشتییەکان:**

**هۆزێکی کشتوکاڵکاری بێوەیە. کوێخا ئەحمەد بە ژنان لەگەڵ هۆزی هەمەوەند تێکەڵ بووە. ژنەکانیان بە جوانی و بەژن و باڵایانەوە بەناوبانگن.**

**گەورە دەڕواننە سەید ئەحمەدی خانەقا کە پەیڕەوکارێکی توندگری سوننی شافیعیە.**

**بەوەی ئاینیان جیاوازە لە هۆزەکانی دەوروبەریان بە چاوی ڕێزێکی گەورە دەڕواننە سەید ئەحمەدی خانەقا کە پەیڕەوکارێکی توندگری سوننی شافیعیە.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

## Lailani(١٤) لەیلانی

### سەرۆك كوێخا ئەحمەد

**تیره:** نییە

**سەرۆكی جێگرەوە:** نییە

**هێز:** نزیكەی ٥٠٠ ماڵ، ١٠٠ ئەسپ، ٤٠٠ پیادە.

**شوێن:** ئاوایی لەیلان لەگەڵ دەوربەرەكانی كە بەمشێوە سنوور دراوە:

**باكوور:** قەرە حەسەن (جۆباری لەیلان)

**باشوور:** زەوی زارەكانی تاڵەبان

**ڕۆژهەڵات:** زەوی و زارەكانی هەمەوەند

**ڕۆژئاوا:** حەسەن قولی تەپە و سەرج داغ.

**مێژوو:** نەزانراوە

**تێبینییە گشتییەكان:**

هۆزێكی كشتوكاڵكاری بێوەیە. كوێخا ئەحمەد بە ژنان لەگەڵ هۆزی هەمەوەند تێكەڵ بووە. ژنەكانیان بە جوانی و بەژن و باڵایانەوە بەناوبانگن.

## Palani(١٥) پاڵانی

**سەرۆك:** ئیسماعیل ئاغا و جەمالمز ئاغا*.

**تیره:** نییە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* Gamalmiz بەداخەوە نەمانتوانی ئەم ناوە بە تەواوی بخوێنینەوە و لەوە زیاترمان بەخەیاڵ دا نەهات، وەرگێر

**سەرۆکی جێگرەوە:** نییە.

**هێز:** نزیکەی ٣٥٠ ماڵ. بەر لە جەنگ دەیانتوانی ٢٠٠ ئەسپ و ١٠٠ پیادەڕۆ ئامادە بکەن.

**شوێن:** سنوورەکانی بەمشێوەیە:

**باکوور:** زەنگاباد

**باشوور:** جۆگەی قەرە تەپە

**ڕۆژهەڵات:** ڕووباری سیروان

**ڕۆژئاوا:** گردی کەشکەوڵ

بڕێکیشیان لە دەککا دەژین.

**تێبینییە گشتییەکان.–** هۆزێکی نیشتەجێی کشتوکاڵکارەن. هەموویان سوونەی شافیعین و بە دیالێکتی کورمانجی خواروو قسە دەکەن.

**مێژوو:** هیچ شوێنەوارێکیان نییە.

**حوکمڕانی ئێستەی بنەماڵەکە**




بنکەی ژین
www.zheen.org

## قەرەلوس (١٦) Qaraulus

سەرۆك: كاكە خان

تیرە: گەچی، قەیتوون، چەرمەوەندی، كاكەوەند، نەفتچی و گاوساواری.

سەرۆكی جێگرەوە: مستەفا بەگ. ئۆنێت* بەگ، محەمەد بەگ، عەلی بەگ، حوسێن وەلی.

هێز: ١٦٥٠ كەس ( سەرژمێری ١٩١٧) نزیكەی ٥٠٠ پیاو و ٥٠٠ ژن و ئەوەی دیكەش منداڵن. نزیكەی ٧٠ سوارە و ٢٠٠ پیادەی چەكداریان هەیە.

شوێن: لە پێدەشتدا بەمشێوەیەی خوارەوە سنووردراوە:

باكوور: بەرزاییەكانی دامێنی چیای ئەبی نەفت تا سنووری ئێران

باشوور: تەنگی سومبار و هێلی ڕۆژئاوا تا ئەبی نەفت.

ڕۆژهەڵات: سنووری ئێران

ڕۆژئاوا: ئەبی نەفت

**تێبینییە گشتییەكان:**

هۆزی كوردی لە هەموان باشووری ترن، سەرقاڵی كشتوكاڵ و مەڕداری و نەوت كارین كە بە باری كەران دەیانگوازنەوە. بە گشتی هۆزێكی بێوەین بەڵام چاك بەرگری لە خۆیان دەكەن ئەگەر خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێ. بە دیالێكتی كوردیی ئەوپەڕی جنووبیی قسە دەكەن. كورمانجی قسە ناكەن و سەرلەبەریشیان شیعەن.

**مێژوو:**

---

* Aunet

لەوەتەی دەورانی هەرە کۆنەوە لەم شوێنەی ئێستەیان بڵاوبوونەتەوە، وێـرای ئـەوەی کـە وا پێدەچـێ بـشێ خزمایـەتی بنـەڕەتیان یـان لەگـەڵ میللەتانی سەر سنوور، لوڕی کوردیی خەڵکی ئایوان و شیوی سومبار دا هەبێ.

## Salihi(١٧) ساڵحی

**سەرۆك: عەبدولوەهاب**

**تیرە: نییە**

**جێگرەوەی سەرۆك: محەمەد ئاغا و ساڵح بەگ**

**هێز: ٢٠٠ ماڵ، ١٠٠ ئەسپ، ٥٠ پیادە.**

**شوێن: لە کەرکووك لە بەرزاییەکانی قەرەحەسەن و گل.**

**تێبینییە گشتییەکان:**

سەرۆکەکان لە کەرکووك دەژین. هۆزەکە هـەمان ئـەوەی ساڵحییەکانی دیمەشقە کە نزیکـەی ١٠٠ ساڵێك بـەر لـە ئێستە پـەڕیوە بوون و لەوێدا گـەرەکێکیان بـە نـاوی ساڵحیە دامەزرانـد. سـەرۆکی تیرەکـانی دیمەشق عەبـدولرەحمان پاشـا سـالحییە. لـە بنـچینەدا هۆزەکـە بەشـێك بـووە لـە تایەفـەی دەروێـشەکانی نەقشبەندی. وا پێدەچـێ لـە بنەڕەتـدا خـەڵکی هەرێمی کەرکووك بن و بە دیالێکتی کورمانجی خواروو قسە دەکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## Shaikh Bizaini(١٨) شێخ بزینی

**سەرۆکی بالآیان نییە**

**تیرە:** هیچ تیرەیەکیان ناوێکی تایبەتیان نییە و هەر یەکە لە بەگزادەکان گروپگەلی تایبەتی خۆی بەڕێوە دەبات.

**بەگزادەکان:** کوڕەکانی عەبدولوەهاب ئاغا، تۆفیق لە قەسرۆك. شەریف ئاغا لە تاناقول. کوڕەکانی حاجی یوسف ئاغا، عومەر لە قەراناوە. کوڕەکانی ڕەشید ئاغا، ئەسەد ئاغا و فارس ئاغا لە سەرتینار. کوڕەکانی ئیسماعیل ئاغا، میرالیَ ئاغا لە ساتو قەلآ. کوڕەکانی عەباس ئاغا، فارس ئاغا لە پەلکانە. کوڕەکانی حاجی یوسف ئاغا، عەبدولڕەحمان ئاغا لە حەمدونە. کوڕەکانی گۆران ئاغا، هەمزە ئاغا و ڕەشید ئاغا لە گولن ئاقەچ. کوڕەکانی ئەسمە، محەمەد ئاغا لە شاوگر.

**هێز:** نزیکەی ٦٠٠ بنەماڵە، ٤٠٠ ئەسپ، ٣٠٠ پیادە.

**شوێن:**

لەسەر زەویەکانی ئەو ئاواییانەی کە سەر بەو هۆزانەن کە کەوتوونەتە کەناری باشووری زێی بچووك و شوان و ڕووبارەکە.

**تێبینییە گشتییەکان:**

هۆزێکی نیشتەجێ، کشتوکاڵکار و شوانکارەن. وێڕای ئەوەی کە هۆزەکە هیچ کات پەنا بۆ پەلاماری ڕاو و ڕووت نادەن و لە دژی تورکەکان یاخی نابن، کەچی لە ئێستەدا ژن و منداڵەکانیان ناردۆتە ناو چیاییەکان بەرەو باکوور-ڕۆژهەلآت. هۆزەکە بە توندی خزمایەتی لەگەڵ هۆزی شوان هەیە و بەگزادەکانیان زۆر بەدەگمەن لە ناو خۆیاندا دەبێتە

شەڕیان. لە بنچینە دا کورمانجی ناوەڕاستن، لە ڕووی ئایینەوە سوننەی شافیعین و بە کورمانجی خواروو قسە دەکەن.
**مێژوو:** هۆزەکە ١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستە لە لایەن شێخ بزێنی خۆشناو ( کوردستانی ناوەڕاست) دروستکراوە. لەوساوە تا ئێستەکە هەمیشە هەمان شوێنی نیشتەجێ بوونیان پاراستووە.

## (١٩) شەرەفبەیانی Sharafbaini

سەرۆک: عوسمان بەگ، کوڕی عەبدوڵڵا بەگ

**تیرە:** کورکی، ئەمیرخان بەگی، عەزیز بەگی، گاخوار، نادری.

**سەرۆکی جێگرەوە:** سولێمان بەگ و مارف کورەکی.

**هێز:** ٧٠٠ بنەماڵە، ١٥٠ ئەسپ، ٥٠٠ پیادە.

**شوێن:**

لەو سێگۆشەیەی کە لە گردەکانی شەوالدر لە باشووری ڕووباری سیروان، لە ڕۆژئاوا و باکووری و دۆڵی پوشتا، لە ڕۆژئاوای چیای بەمۆ لە ڕۆژهەڵاتەوە.

**تێبینییە گشتییەکان:**

لە ناوەوەی سنوورەکانی ناوەوەیدا هۆزێکی کۆچەرە و لە پێدەشتی هۆرین و شێخان کشتوکاڵ دەکەن و لە هاوینانیش خۆیان دەکشێشنەوە بۆ ناو چیایەکانی بەمۆ. تیرەکانی شەرەفبیانی بە مانای تەواوی وشەکە بریتیین لە عەزیز بەگی و ئەمیر خان بەگی. ئەوانی دیکە بریتین لە تیرەی جوتیاران. کەورکی گرینگترین تیرەی جوتیارن کە لە هەرشەل و بەنبۆ دا دەژین و بەشی سەرەکی جەنگاوەرەکان پێکدەهێنن. تیرەکانی گێخوار و نادرییەکان لە زەهاوەوە پەڕیوە بوون. بنەماڵەی شەرەفیابی لەوانەیە بە



بنکەی ژین
www.zheen.org

بنـچینەدا جـاف بـن. سـەرلەبەری هۆزەکـە بـە کورمـانجی قـسە دەکـەن و سوننەی شافیعیین. بەپێچەوانەی زۆر هۆزی چیایی شەرەفیابییەکان ڕاو ڕووت ناکـەن و عەشیرەتێکی بێـوەی، ڕووخـۆش و سـەر ڕاسـتن. کەچـی لەکاتی پێویست تا دوا ڕادە بەرگری دەکەن.

**مێـژوو:** هیـچێکی وا لـە مێژووەکـەیان نـەزانراوە ئـەوە تـەنها لـە ڕێگـەی گێڕانەوە کۆنەکانە دەزانرێ کە دانیشتوانی چیای بـەمۆن ( پێیـان دەڵێن "برا گەورە"). تەمەن درێژی تایبەتمەندێتی جیاکەوەرەوەی ئەم هۆزەیە.

## Shuan(٢٠) شوان

### سەرۆکی باڵای نییە

**تیرە:** خاسە و بازیان

**بەگزادە:** ڕەشید، کوڕی مـارف لـە خاسـە. داود عەبـدولڕەحیم لـە کێـسك، عەلی لە بازیان. مەحموود ئاغا لە قوڕنە. عەمەر ئاغا و یوسف ئاغا.

**هێز:** بەلای کەمییەوە ٢٠٠٠ ماڵ، ٥٠٠ ئەسپ، ٥٠٠، ١٥٠٠ پیادە.

**شوێن:** بەشێوەیەکی گشتی لەم کەوشەنانەی خوارەوە دەژین:

**باکوور:** هۆزی شێخ بزینی

**باشوور:** ڕووباری خاسە و چەمچەماڵ

**ڕۆژهەڵات:** زێی بچوك و تۆخمە داغ

**ڕۆژئاوا:** هۆزی شێخ بزینی و بیبانی*.

زۆریان لە ئاواییەکانی سەر گردی گورگور لە نزیك کەرکووك دەژین.

**تێبینییە گشتییەکان:**

www.zheen.org

* Bibani

لە کەوشەنی خۆیدا هۆزێکی نیمچە نیشتەجێن و بە ڕەوتاری بەرز، جەسووری و وادە و بەڵێن بەناوبانگن. تا ڕادەیەك تالاَوی جەنگیان چەشتووە و زۆر بنەماڵەی ئەو ئاواییانەی کەوتوونەتە ناوچە قەڵەمڕۆیەکانیان پەنایان بردۆتە بەر ناوچە داگیرکراوەکان**. ناوچەکەیان بە ڕوویێکی تایبەتی بەپیت، ئاوی زۆر و خەڵکی هۆزەکە کوشتوکاڵکارێکی چاکن. وا پێدەچیٚ بنچینەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ هەمەوەندە ناسراوەکان هەبیٚ و بڕێکجار پێوەندیان لەگەڵ هەمەوەندەکان زۆر خراپ دەبیٚ کەچی دواتر دەبێتە دۆستایەتییێکی بەرفراوان وەختایەك هەمەوەندە پەڕیوەکان دوای ڕزگاربوونیان لە ڕۆژئاوا میوانداریێکی جوامێرانەیان لێدەکریٚ. لەم ڕەوشەدا، پەیمانێکی دۆستایەتی هەمیشەیی مۆردەکریٚ و لەو کاتەوە بە توندی لە لایەن هەردوو تەرەفەوە چاوەدێری دەکریٚ. ڕەشید وەکو سەرۆکی بنەماڵەی شوان ناسراوە، هەر تەنها خۆی دەتوانیٚ نزیکەی ۱۰۰ سوارەی چاك ئامادە بکات. هۆزەکە بە سیفەتی جەنگاوەرییان بەناوبانگن. شوان کوردی پاکی سوونین، مەزهەب شافیعین و بە دیالێکتی کورمانجی خواروو قسە دەکەن.

مێژوو: هیچێکی لێنەزانراوە ئەوە نەبیٚ کە شوێنی نیشتەنی ئێستەیان وا پێدەچیٚ لە هەموو دەورانێك هەر لە بن دەستیاندا بووبێت.

## (۲۱) سوورەمێری (سورخ مێری)
## Suramiri (Surkhamiri)

** مەبەست لەوە ئەو ناوچە داگیرکراوانەن کە لە لایەن سوپای هاوپیمانەکان لە دەورانی جەنگی یەکەمی جیهان داگیرکرابوون، وەرگێڕ

سەرۆکەکان، محەمەد بەگ، کوڕی بابا خان بەگ، حوسێن بەگ، کوڕی خەلیل عەینە.

**تیرەکانی:** کەڵهوڕی، توتك، مامەجان، عەینە، عەنتەر.

**هێز:** نزیکەی ٢٢٥ ماڵ بە سەریەکەوە، ٥٠ ئەسپ.

**شوێن:** لە ئاواییەکانی دەوروبەری شاری خانەقی جگە لە فراکسیۆنی عەنتەر نەبێ کە لە نێوان شارەبان و ئەبو جیسرە دا دەژین.

**تێبینییە گشتییەکان:** هۆزێکی نیشتەجێی باشترین کرێکاری کشتوکاڵین و بێوەین.

**مێژوو:** هۆزەکە نزیکەی سەد ساڵ بەر لە ئێستە لە هولێلان Hulailanـەوە پەڕیوە بوون. لە بنچینەدا لوڕن. لە هولێلانەوە هاتوونەتە زەهاو و وەختایەك بنەماڵەی زەهاو جێدەهێڵن و دەچنە ناو تورکیا، هۆزەکە بەشوێنانەوە دەچن و لە شوێنی ئێستەیان جێگیر دەبن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**درەختی بنەماڵەی سوورەمێری**




## (٢٢) بنەماڵەی تاڵەبانی و پێوەندەکانی

**Talabani**

**سەرۆك: شێخ حەمید**

**تیرە: نییە**

**جێگرەوەی سەرۆك.**-بڕوانە شوێنی نیشتەنییەکان.

**هێز:** لەگەڵ ئەو جوتیارانەی کە بە بنەماڵەوە بەندن، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوون: شێخ حەمید، ٧٠٠ ماڵ، ٣٠٠ ئەسپ، ٤٠٠ پیادە. شێخ محەمەد ڕەوف، ٢٠٠ ماڵ، ٥٠ ئەسپ. شێخ تاهیر، ١٥٠ ماڵ، ٦٠ ئەسپ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**شوێن:** (ئا) شێخ حەمید

(١) گل، کەوشەنەکەی بەمشێوەیە:

**باکوور:** هۆزی جەباری

**باشوور:** هۆزی داودە

**ڕۆژهەڵات: هۆزی زەنگەنە**

**ڕۆژئاوا: هۆزی داودە**

**(٢) قەرەبولاق**

**باکوور: دوانزە ئیمام**

**باشوور: ڕووباری سیروان**

**ڕۆژهەڵات: زەوییەکانی شێخ لەنگەر**

**ڕۆژئاوا: گردی کوشك**

**(بێ) کوڕەکانی شێخ حەکیم**

**ئاواییێك لە بن کودرە**

**(جێ) شێخ محەمەد ڕەوف**

**گوڕشەلە لەسەر ڕووباری سیروان لای باجەڵانەکان**

**( چێ ) شێخ تاهیر**

**ئاوایی سەرتاف و زەوییەکانی**

**ئاوایی حاجیلەر و هەردوکیان لای باجەڵانەکان.**

**( دێ ) شێخ نووری**

**بادیاوە و زەوییەکانی نزیك کەرکووك.**

**تێبینییە گشتییەکان:**

**بنەماڵەکە و جووتیارەکانی ئەو هۆزە پێك دەهێنن کە ناوی تاڵەبانییە، هـۆزێکی شـوانکارە و کوشـتوکاڵکارەن. شـێخ حەمیـد دژە تـورکێکی بەناوبانگە و هەموو داوای عوسمانییەکانی بۆ بەشداریکردن چ بە پیاو و چ بـە نـاردنی ئازووقـە ڕەتکردۆتـەوە و پیـاوێکی ئینگلیزخـوازە. هەژموونی لەناو هـەموو هۆزەکانی کوردستانی خواروو زۆر گەورەیـە و وەکـوو سـەرۆکێکی ئـایینی مەزهـەبی شـافیعی لەناوچـەکە**

دەژمێردرێ. بە کەسایەتیەکی ئازا و دەست پاك و پیاوێکی خاوەن قسە و وادە بەناوبانگە. لەم چەند ساڵانەی دوایی لە سایەی ئەو مشورخواردنەی کە بۆ جوتیارە کوردەکان بۆ سەر زەوییەکانی خۆیی و ئەو مامەڵە چاك و پارێزگارییەی لێی دەکردن، زۆر دەوڵەمەند بووە. موڵکەکەی لە گل کێڵگەیەکی نەوتی بەنرخی تێدایە. وێرای ئەوەی کە بنەماڵەکە بنچینەیەکی ئایینی هەیە کەچی ئەندامەکانی ڕێگەی ئایینپەروەری یان ون کردووە و بە حەماسی تاڵان و بڕۆیی و جەنگاوەری بەناوبانگن.

**مێژوو:**

بنەماڵەکە لە لایەن شێخ ئەحمەد ناوێك، یەکێك لە دەروێشەکانی قادری دروستبووە کە نزیکەی بەر ١٠٠ ساڵێك لە نزیك گل نیشتەجێ بووە. لەسەر درەختی بنەماڵەکە، ئەندامە زیندووەکانی بنەماڵەکە نیشاندەدات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بنەماڵەی تاڵەبانی: دامەزرێنەر: شێخ ئەحمەد

| کوڕەکان | کوڕە زا | کوڕی کوڕە زا |
|---|---|---|
| عەبدولڕەحمان کەرکوکی | شێخ عەلی | محەمەد عەلی |
| | | محەمەد ڕەووف |
| | | محەمەد حەبیب |
| | | حەسیب |
| | | نەجیب (هەموویان لە کەرکووک–ن) |
| | | محەمەد نوری |
| | | عیززەددین |
| | شێخ عەبدولقادر | فەیزوڵڵا (هەموویان لە تاووق–ن) |
| | | محەمەد لە کەرکووک |
| | | عەبدوڵڵا لە بەغدا |
| | | ئەسعەد لە کەرکووک |
| | شێخ ڕەزا | عەبدولوەهاب و موحێددین هەردووکیان |
| | | لە شێخ منسوربوی نزیک کەرکووک–ن |
| حوسێن | شێخ عەبدولواحید | چەند کوڕێکی لەگەڵ باوکیان لە گەل |
| | شێخ عەبدولهادی | دەژین. |
| محەمەد ساڵح | شێخ مەحموود | |
| | شێخ سەعید | |
| | شێخ عەبدولقادر | |
| عەبدولکەریم | شێخ عەبدوڵڵا | سەتار |
| | | عەبدولحەمید |
| | محەمەد ئەمین | سەمەد |
| | شێخ عەبدولغەنی | محەمەد ( هەموویان لە بادیاوە دەژین) |
| موحێددین | شێخ محەمەد | تاهیر |
| | | ئەنوەر |
| | | ئەشرەف |
| | | لەتیف |
| | عەبدولەتیف | عەبدوڵڵا (هەموویان لە حاجیلەر دەژین) |
| | جەلال | |
| | نەسرەددین | |
| | سولەیمان | |

بنکەی ژین
www.zheen.org

## (تەواوکەری ) بنەماڵەی تاڵەبانی

| کوڕەکان | کوڕە زا | کوڕی کوڕە زا |
|---|---|---|
| فەتاح | شێخ مەعرووف | چەند کوڕێکی لەگەڵ باوکیان لە بەیانلوو |
| | لوتفوڵڵا | و تەپەلوو لە ٢٠ میلی کەرکوک دەژین. |
| | عەبدولصەمەد | |
| | تەها | |
| | سەلام | چەند کوڕێکی لەگەڵ باوکیان لەقنجق |
| عەبدولغەفور | شێخ ڕەشید | Quinjiq دەژین. |
| | شێخ نوری | |
| | شێخ ئەدیب | |
| عەبدولعەزیز | حەمید | جەلال |
| | | عەبدلوەهاب |
| | | غالیب |
| | | تالیب |
| | | عیزەدین |
| | | موستەفا |
| | | نوری ( هەموویان لە گل دەژین) |
| | سەمەد | عەبدوللەتیف |
| | | تاهیر |
| | | عەبدولجەبار( هەموویان لە گل دەژین) |
| | | تاهیر |
| | مەعروف | سابیر |
| | | سەدیق( هەموویان لە گل دەژین) |
| | | مەجید |
| | ڕەزا | عەبدوڵڵا لە ئەباریق |
| | | چەند کوڕێکی لەگەڵ باوکیان |
| محەمەد عارف | محەمەد سەعید | لەقەرەبولات دەژین. |
| | عەبدولحەکیم | |
| | شوکور | |
| عەبدولقادر | بێ منداڵ | |

بنکەی ژین
www.zheen.org

## (٢٣) بنەماڵەی تلیشانی Tilishani

**سەرۆك: سەید موحسین ئاغا**

**تیرە: نییە.**

**جێگرەوەی سەرۆك: قادر ئاغا.**

**هێز: نزیكەی ٥٠ ماڵ.**

**شوێن: زەوییەكانی تلیشان و ئەو زەوی و زارانەی بەمشێوە سنوور دراون:**

**باكوور: ئاسكی كفری.**

**باشوور: زەرداو.**

**ڕۆژهەڵات: زەرداو.**

**ڕۆژئاوا: دیارینەكراوە.**

### تێبینییە گشتییەكان و مێژوو:

بنچینەی بنەماڵەكە دەگەڕێتەوە بۆ سەید عومەر ئاغا كە ساڵی ١٨٠٠ ی زایینی لە تلیشان جێگیر بووە. گرینگی ئێستەیان لە سۆنگەی ئەو هاوپشتیانەیە كە دەیانبەست. تا ساڵی ١٩١٦ سەرۆكەكەیان سەید عوسمان ئاغا بوو كە بەدەستی توركەكان كوژرا و كچی مەجید پاشای بابانی كفری هێنابوو. ئەندامەكانی دیكەی بنەماڵەكە لەگەڵ كۆنترین بنەماڵەی هۆزەكانی كوردستانی جنووبیی پەیمانیان بەست. بنەماڵەكە لە گەرداو و كوسەشاپان زەوی یان هەیە، سەید حوسێن ئاغا تا دواڕادە دژە توركە، بەڵام هێندە بەتوانا نییە، قادر ئاغای گەنج ( تەمەنی لە ٢٣ ساڵان دایە) زۆر بە توانایە. بنەماڵەكە سوننێكی تۆخن و بە دیالێكتی كورمانجی خواروو قسە دەكەن.

بنكەی ژین www.zheen.org

## Umarmil (٢٤) ئۆمەرمل*

**سەرۆك: شەریف**

**تیرە:** نییە.

**جێگرەوەی سەرۆك:** نییە.

**هێز:** نزیکەی ٥٠ ماڵ لەگەڵ ٧٠ ئەسپ و ١٠٠ پیادە.

**شوێن:** لە بەڵگە کە کەوشەنەکانی بەمشێوەیەن:

**باکوور:** گردی ناڵەشکێنە.

**باشوور و ڕۆژئاوا:** چەمی قوچەچاپان.

**ڕۆژهەڵات:** سەرقەڵا.

**تێبینییە گشتییەکان:**

هۆزێکی نیشتەجێی کشتوکاڵکار و شوانکارەن. هەموویان سوننین و بە دیالێکتی کورمانجی خواروو قسە دەکەن.

## Zangana(٢٥) زەنگەنە

**سەرۆکی باڵای نییە**

**تیرە:** فارس ئاغا، ڕۆستەم ئاغا

**سەرۆکەکان:** سەرۆکی فارس ئاغاییەکان- عەبدولکەریم ئاغا و ڕەحیم ئاغا، سەرۆکی ڕۆستەم ئاغاییەکان: محەمەد ئاغا کەریم ئاغا.

**هێز:** فارس ئاغا نزیکەی ٢٠٠ ماڵ. لە پێش جەنگ ١٥٠ ئەسپ و ١٠٠ پیادەی هەبووە. ڕۆستەم ئاغا نزیکەی ٢٥٠ ماڵ، لە پێش جەنگ ٢٠٠ ئەسپ و ١٠٠ پیادەی هەبووە.

---

* ڕاستییەکەی دەبێ (ئۆمەربل) بێ، وا پێدەچێ ئەمە هەڵەی چاپ بووبێ، وەرگێڕ.

**شوێن:**

(١) لە ئاواییەکانی زەرداو ( پیاوەکانی عەبدولکەریم ئاغا)، دوانزە ئیمام، ڕەحیم وەرقە و تەپەی عەلی لەگەڵ زەوی و زارەکانی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کفری.

(٢) هەرێمی ئیبراهیم خانچی لەگەڵ ئاواییە سەرەکییەکانی: ئیبراهیم خانچی ( شوێنی نیشتەنی کەریم ئاغا) غەفووری ژالە، عەبدولڕەحمان شەشە، ژالە و پەلك، کەوشەنی زەوی و زارەکانی بەم شێوەیە:

باکوور: زەوییەکانی داودە

باشوور: بەلەگە

ڕۆژهەڵات: زەوییەکانی سوماق

ڕۆژئاوا: زەوییەکانی داودە

**تێبینییە گشتییەکان:**

هەردوو تیرەکانی هۆزەکە هەمیشە دوژمنایەتیان هەیە. چڵی سەرەکی ئەوەی کەریم ئاغایە لە ئیبراهیم خانچی کە شوێنی نیشتەنی هۆزەکەیە. تیرەی فارس ئاغا لەبەر زۆربوونی ژمارە و پەلاماردانی بەردەوامی هەمەوەندەکان جیابوونەتەوە. هۆزەکە نیشتەجێیە و خەریکی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵن. لە ڕووی ئایینەوە سووننەی شافیعین، بە دیالێکتی کورمانجی خواروو قسە دەکەن. سوارەکانی بە سوارچاکی و جەسووری بەناوبانگن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**مێژوو:**

هۆزەکە کوردی پاکژن (کورمانج) و واپێدەچێ هەمیشە هەر لە نزیك ئیبراهیم خانچی ژیا بن. لە دەورانی دوایی سەفەویەکاندا، شێخ عەلی هۆزەکەی جێهێشتووە و بەرەو باشووری ئێران کۆچیکردووە و ئەو

دەمە خۆی خستۆتە خزمەت (شا) وهۆزی زەنگەنەکانی کرماشانی دروستکردووە کە ئەمڕۆ لە سۆنگەی ڕەوشت سووکی و مەزهەبگەرایی شیعەیانەوە فارسێندراون*. لەو ساکەوە هۆزە ڕەسەنەکان ئیعترافیان پێناکەن و بە چاوی سووك سەیریان دەکەن.

## Zend(٢٦) زەند

سەرۆك: حەمید ئاغا ناسراو بە حەمیدی ڕەش

تیرە: ئەوانەیان کە گوێڕایەلی سەرۆکە جێگرەوەکان دەکەن.

سەرۆکە جێگرەوەکان: محەمەد ساڵح ئاغا، عەلەیان، تاهیر خان، غەنی.

هێز: پێش جەنگ ٦٠٠ ماڵ، ٢٠٠ ئەسپ و ٥٠٠ پیادە، وەکوو جەنگاوەر بەناوبانگن.

شوێن:

ناوچەکە ناوی زەنگابادە کە ئاواییە سەرەکیەکان و تیرەکانیان بریتین لە: بان سەندوق، لالوبان، حاجیلەر، سەهتەبان، دەهلەگی، کۆکز (٤ ئاوایی) تەپە عەلی، کۆڵەجۆ (٨ ئاوایی). کەوشەنەکانی بەم شێوەیەن:

باکوور: گردی کوشك

ڕۆژئاوا: پالانی

ڕۆژهەلات: ڕووباری سیروان

ڕۆژئاوا: پێدەشتی دەوروبەری ڕێگەی کفری

تێبینییە گشتییەکان:

هۆزێکی کشتوڵکاری چاکن، لە هەرێمی خۆیاندا نیشتەجێن. حەمید ئاغا پیاوێکی بەهێز و شایستەیە کە تەواو دژە تورکە و ماوەی ٤ سالان

---

* Persianised

له لایەن تورکەکان بەهۆی یاخیبوونییەوە زیندانی کرابوو. حەمید ئاغا و تاهیر خان لە بنەماڵە کۆنەکانی زەند و ئالیان-ن کە چڵێکی گەنجە. هۆزەکە سوونەی شافیعین و بە دیالێکتی کورمانجی خواروو قسە دەکەن. زەندییەکان بە وەفاداری و پابەندبوونیان لە بەجێگەیاندنی وادە و پەیمانیان ناسراون.

**مێژوو:**

هۆزەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆزەی کە کەریم خانی زەند بەناوبانگ لە دەورانێکدا کە پارێزەری ئێران سەرۆك بوو. بەگوێرەی ترادسیۆنی خۆیان هۆزەکە لە شوێنی نیشتەجێی ی ئێستەدا ژیاون و لەوێوە پەڕیوەی ئێران بوون. هۆزەکە هیچ پێوەندییێکی خزمایەتیان لەگەڵ لوڕەکان دا دا نییە و ئەوە دووپات دەکەنەوە کە دوای پەرت و بڵاوبوونەوەی هۆزی زەند لە شیراز ئەوانەی مابوونەوە گەڕانەوە صەلاحییە. عەلەیان پێیان وایە کە وەچەی ڕاستەوخۆی کەریم خانن، لەکاتێکدا کە حەمید ئاغا و تاهیر وەك دەڵێن سەر بە چڵێکی گەورەی هۆزەکەی کەریم خانی زەندن.

## ١. هەرێمی هەورامان Aoraman District

بنەماڵەی شێخەکانی هەورامان لەو ئاوایانە نیشتەجێ بوون کە کەوتوونەتە ڕووی تورکیی چیاییەکانی هەورامان کە سنووری نێوان ئێران و تورکیا پێکدەهێنێن. هەژموون و گرینگییەکەی لە سۆنگەی ئەو فاکتەیە کە ئەوانە سەرکردەی تایەفەیێکی دەروێشی نەقشبەندین کە زۆر بڵاوە لە ناو تورکیا و ئێران. سەرۆکی ئێستەیان شێخ عەلی

نەجمەددینی بیارەیە کە ژمارەیەك گوندی لە هەرێمەکانی گوڵعەنبەر و هەورامان و هەروەها لە باشووری پێدەشتی شەمیران لە ناو خاکی ئێراندا هەیە. تورکەکان بۆ ماوەی چەندین نەوە لە سۆنگەی پێوەندی چاکی هەورامان لەگەڵ حکومەتی ئێران بە خراپ ڕەفتاریان لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە کردووە. لەوەتای شۆرشی ١٩٠٨، ڕەوشی هەورامان زۆربەی کات وەك زۆربەی بنەماڵە ئایینییەکانی کوردستان ناسەلمێنرێت و دژە تورکن. ئەو هۆزانەی کە چوونەتە پاڵیان ئەمانەی خوارەوەن:

● هەورامانی:

–جەعفەر سولتان ( سەرۆکی بەشی هەورامانی تەخت).

– عەباس قولی (سەرۆکی بەشی لهۆن).

– **شوێن**: نیوەی هۆزەکە لەناو چیایەکانی هەورامان لەناو خاکی ئێرانە. ئەم سەربازە پیادانە بە جەنگاوەریی بەناوبانگن.

پیادە: ٣٥٠٠

● باباجانی:

سەرۆك: محەمەد بەگ، محەمەد ساڵح بەگ.

شوێن: جوانڕۆ لەناو خاکی ئێران. شوێنی تەواویان خانی شوور، چیایەکانی شەهر و لە زستانیش پێدەشتی ڕۆژهەڵاتی چیای بەمۆ-یە.

هێز: ٦٠٠ ئەسپ

پیادە: ٢٠٠٠ ( تیرەکانی کۆکوا، قوبادی، تاوەگۆزی، یەباخلی.

● مەریوان.

سەرۆك: هەمەچەشنە.

شوێن: لە ناو خاکی ئێران.

هێز: ٢٠٠٠ پیادە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# پاشکۆیەکان

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پاشکۆی (١)

وەزارەتی کاروباری هەندەران
شیفرە خوێندنەوە
ژمارە:٩٢١
بەیرووت، ٢٨ ی نیسانی ١٩٢٠ لە ١٤ و ٤٠ دەقیقە.
٢٨ ی مانگ لە کاتژمێر ٢٣و ٣٠دەقیقە گەیشتووە

دووبارەی تێلێگرامی ژمارە ٩٨ ی ڕۆ
بۆ وەزارەتی کاروباری هەندەران، ژمارە ١٧٠

کوردەکان چەند ڕۆژێکە پەلاماری ئاکریێ یان داوە. ئینگلیزەکان ٥٠٠ پیاویان لەدەستداوە و ئۆردوییێکی ئینگلیزیەکان گەمارۆ دراوە. کوردەکان هەڕەشەی پەلاماردانی زاخۆ دەکەن هەرکاتێك بەفر توانەوە ڕێگەیان پێبدات، تورکەکان هەموو ئەو کەرەسە جەنگییەی کە لە جەزیرەی ئیبن عومەر هەیانبووە بۆ هۆزە کوردییەکانی ئەم دەڤەرەیان ناردووە.

گۆرۆ

بنكەی ژین
www.zheen.org

[illegible], le 9 avril [illegible] 14 h. 40
[illegible] 13 h. 30

(Répétition) [illegible]

(Pour) le ministère des Affaires étrangères, n°
175.

Les Kurdes ont attaqué [illegible] il y a quelques jours; les Anglais ont (perdu) 500 hommes et la garnison anglaise serait assiégée. Les Kurdes menacent d'attaquer [illegible] dès que la fonte des neiges le permettra. Les Turcs ont envoyé aux tribus kurdes des environs de cette localité tout le matériel de guerre qu'ils avaient à Djezireh-Ibne/o/

[illegible]

بنکەی ژین
www.zheen.org

## پاشکۆی (٢)

## I

# هۆزە کوردییەکان[١٨]

ئەم خشتەیەی خوارەوە بریتییە لەناوی ئەو هۆزە سەرەکیانیەی کە لەسەر سنووری تورکیا و ئێران دا دەژین. هۆزەکانی ژمارە ١-٩ بە گشتی بە خۆیان دەڵێن "کورمانج"[*]، " کوردمانگ"[**]بە واتەی کورد، لەکاتێکدا کە ئەوانی دیکە ناونانی "کورد" بۆ واتەی ڕەگەزەکانیان بەکاردەهێنن. ئەو هۆزانەی کە ناونانی یەکەم بۆخۆیان هەڵدەبژێرن کوردی خوێن پاکن.

---

[18] ئەم خشتەیەی کە لێرە بۆ تەواوکردنی ئەم باسە کراوە بە پاشکۆی ئەم کتێبە، لە کتێبی گەشتەنامەکەی سۆن کراوە بە کوردی، بڕوانە:
*To Mesipotamia and Kurdistan in disguise; With historical notes of the Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan*, London, Fist Edition, J. Murray 1912,pp.405-407

[*] *Kurmanj*
[**] *Kurdmang*

بنکەی ژین
www.zheen.org

| ژمارە | ناوی هۆز | تیرەکانی | شوێنی لەناو وڵاتدا |
|---|---|---|---|
| ١ | حەیدەرانلوو | زیلانوو، حەسەنانلوو، ئەحمەدانلوو، سپیکانلوو، جبرانلوو، زیرکانلوو، شادی، میلان، مامانلوو | بانی ئەرمەنسان تا سەر سنوری ئێران |
| ٢ | شکاک | ................................ | لە سنوری ئێران تا نزیکی سەڵماس |
| ٣ | هەکاری | ئۆرەمار، شەمدینان، جەلۆ، هەرکی، زێباری، ڕواسکی ( لقێکی کۆنیان میرەکانی بەدلیس بوون)، شێرناخی، خێزان، گەردی، بادینان (لەوێوە بنەماڵەی ئاینِنی پەیدابوون و شێخەکانیان لێکەوتوونەتەوە، مەیسووری، بوهتان، حەسەنکیفان، ناوچیای، جەلالی، ڕاوان و بەشە بچووکەکانی دیکە | |
| ٤ | موکری | ...................................... | ساوج-بولاق و ئەو دەر و ناوچانەی دەوروبەری تا سنووری تورکیا |
| ٥ | پشدەر | نوورەددینی و هی دیکە | دۆڵی خوارووی زێی بچووک. |
| ٦ | بڵباس | ...................................... | چیای قەندیل لە کوردستانی ناوەڕاست |
| ٧ | ڕەواندوز | ...................................... | ڕەواندوز |
| ٨ | شوان | ...................................... | باشووری خوارووی زێی بچووک، باکوری ڕۆژهەڵاتیی کەرکووک |
| ٩ | بابان | ...................................... | سلێمانی |
| ١٠ | بانە | ...................................... | بانە |

بنکەی ژین
www.zheen.org

| ژمارە | ناوی هۆز | تیرەکانی | شوێنی لە نا و وڵات دا |
|---|---|---|---|
| ١١ | مەریوان | ................................ | مەریوان |
| ١٢ | جاف | پشتەماڵە، ئەماڵە، جاف سەرتەك، تیلان، میکایلی، ئاغاسووری، چنگیانی، ڕۆغزادی، تەرخانی، باشاکی، گەلالی، شاتیری، هارونی، نۆرولی، کوکی، زەرداوی، یزدان، بەخشی، شێخ ئیسماعیلی، سادانی، بەداخی، موسایی تێلەکۆ | لە قزلرەبات بە تەك کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان تا شارەزوور و پێنجوین |
| ١٣ | هەمەوەند | ................................ | قەرەداغ، نزیك سلێمانی |
| ١٤ | شەرەفبیانی | ................................ | هۆرین، لە باشووری ڕووباری سیروان لە نا و خاکی ئێران |
| ١٥ | باجەلان | جومور، شیرەوەند، حاجیلار، غەریبەوەند، داندەوەند و قەزانلوو | ڕاستەوخۆ لە خوارووی شەرەفبیانی |
| ١٦ | ئەورامی یا هەورامی | هەورامی عەلی شا، هەورامی جەعفەر سوڵتان | چیایەکانی هەورامان |
| ١٧ | صەلاحی | ................................ | کفری، هەرێمی صەلاحیە |
| ١٨ | گۆران | گەهوارە، بازیانی، نەرزی، ئۆلخانی، بویانی،کەلەه زەنجیری، قادر میر وەیسی، تێشایی و تیرەی بچکۆلەی دیکە. | ڕووی ڕۆژئاوای هەرێمی کرماشان |
| ١٩ | کەلهوڕ | شوان، کوچیمی، چارزرباری، ئەلوەند، خالیدی، سنەیی، سیە-سیە، کازم، خانی، خەممان، کەلەجویی، هارونەبادی، بەیداخ بەگی، کێرکەه، مەنسوورین ورمزیاری و هی دیکە | |
| ٢٠ | سەنجاوی | ................................ | نزیك سنووری تورکیا، لە هەرێمی کرماشان |

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ئیمپڕاتۆریا، سنوور و خێڵ:
# هۆزی هەمەوەند
# لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا

نوسینی: نەجاتی عەبدوڵڵا

**بەرایی:**

لەگەڵ کۆتایی هاتنی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، کێشەکانی سنووری عوسمانی- ئێرانی وێرای پەیماننامەی دووەمی ئەرزەرۆم ١٨٤٧ کەچی هەروەکوو خۆیان بە زیندوویی مانەوە. سیاسەتی بریتانیا و ڕووسیا لە ناوچەکە دیاریکردنی سنووری عوسمانی- ئێرانی و پاراستنی ستاتووی هەردوو ئیمپراتۆریا بوو بە لاوازی کە ئەمە ئەوکات لە خزمەتی پرۆژە سیاسیی-ئابورییەکانی ئەواندا بوو لە ناوچەکە.

www.zbeen.org

پەیماننامەی دووەمی ئەرزەرۆم ١٨٤٧ توانی کوردستان بە ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە ببەستێتەوە، بەمشێوەیە دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو ئیمپراتۆریا خێڵ و هۆزە کوردییەکانی دابەشی سەر دوو دەوڵەت کرد. بە ڕوخان و هەڵوەشاندنەوەی میرنشینە کوردیەکان کوردستان هەر لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا کۆتایی حەفتایەکانی سەدەی نۆزدەهەم هیچ ڕاپەرینێکی وا گەورەی بە خۆیەوە نەبینی. ڕاپەرین و نارەزایی خێل و هۆزەکان دژ بە دەسەڵاتە ناوەندییەکانی عوسمانی و ئێرانی زۆر بە ئاسانی لێرە و لەوێ دادەمرکێنرانەوە. یەکێك لەو خێڵە کوردیانەی کە هەمیشە مایەی کێشە و سەر ئێشە بوون بۆ دیاریکردنی سنووری عوسمانی-ئێرانی هۆزی کوردی هەمەوەند بوو کە بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و تا دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی عێراقیش هەر لە کێشەدا بون لەگەڵ والیەکانی بەغدا و دەسەڵاتی ناوەندی کۆنستنانتینۆپل. لەم سۆنگەیەوە بە درێژەی نیوەی سەدەی نۆزدەهەم و تا کۆدێتای تورکە- لاوەکان ١٩٠٨ یش تاوێك لە شەڕ و تاوێك لە ئاشتیەکی کاتی دابوون لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانی. ئەم هۆزە لە تەواوی سەرچاوە رۆژاوایی و عوسمانییەکان بە هۆزێکی " ڕێگر"، " جەردە" و " تالانکار" ناسراون کە ئەم ناونانە تا ڕۆژی ئەمڕۆش لە کاری هێندێك لەو رۆژهەلاتناسانە ڕەنگیداوەتەوە کە بە کاری ڕۆژهەلاتناسییەوە خەریکن[١٩]. ئەم باسەی ئێرە بە پلەی یەکەم

---

[١٩] بە نموونە بگەڕێوە سەر مارتن ڤان بروینسن کە جگە لە " جەردەیی" و " کۆیلەکردنی مسکێنەکان " و تالان وبڕۆیی" زانیاریەکی زێتر بەدەستەوە نادات، بنۆرە: Martin Van Bruinessen, *Agha, Shaikh and State*, Ed. Zed books, London, 1992, p 92



www.zheen.org

**مەبەستیەتی تەنها تیشکێك بخاتە سەر شوێنی ئەم هۆزە لەگەڵ کێشەکانی سنووری عوسمانی– ئێرانی، پێوەندی نێوان دەوڵەت و خێل لە ڕوانگەی ئەم کێشەیەوە باس دەکات کە تا ئێستە ئەم باسە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی بۆ تەرخاننەکراوە.**

**کورتەیەکی مێژوویی:**

**هۆزی هەمەوەند یەکێکە لە هۆزە کۆچەرەکانی کوردستانی ناوەند، بە گوێرەی ترادسیۆنی کوردی ئەم هۆزە یەکەمجار لە سۆنگەی شەڕی چالدێران ساڵی ١٥١٤ چوونەتە کوردستانی بندەستی ئێران و لە ناوچەکانی سنە، کرماشان، زەهاو و شیراز نیشتەجێ بوون. تا سەرەتای سەدەی هەژدەهەم و وردتر تا ساڵی ١٧٠٠ لە وڵاتی ئێران دا ماونەتەوە و دواتر گەڕاونەتەوە کوردستانی باشوور و لە بازیان و چەمچەماڵ نیشتەجێ بوون[٢٠]. بە داخەوە لە مێژوونووسی کوردیدا شتێکی لەوە زیاتر لەبەر دەستدا نییە کە گوایە ( خوادی) یا ( خوا مراد شێر) ناوێك ساڵی ١٧٠٠ کوردستانی بندەستی ئێران جێدەهێلێ و دوای ئەوەی بەسەر هەردوو تیرەی پیرایی و کافرۆشیدا زاڵ دەبێ[٢١] ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان و لە ناوچەی پێنجوین لە هەنگەژاڵ نیشتەجێ دەبێ[٢٢] و هەر لە وێدا ژن دەهێنێ و چوار کوڕی دەبێ کە چوار تیرەی هۆزی هەمەوەندیان لێدەکەوێتەوە:**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٢٠] **دارا ئەحمەد کەریم بەگ، *کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند*، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان، هەولێر ٢٠٠١ لا: ٣٣.**

[٢١] هنري فيلد، جنوب كردستان: *دراسة انتروبولوجية*، نقلة الي العربية جرجيس فتح اللة، دار ئاراس، ٢٠٠١، ص: ٥٢

[٢٢] **دارا ئەحمەد کەریم بەگ، *کەریم بەگی فەتاح بەگی* ...هەمان سەرچاوەی پێشوو،**٣٧

یەکەم: بەگزادە: کە چەلەبی یشیان پێدەڵێن لە نەوەی یادگاری کوڕی (خواد) ن. ئەم تیرەیە گەورەترین تیرەی هەمەوەندەکانن.
دووەم: ڕەمەوەن: یان ڕەماوەند لە نەوەی ڕەمەزانی کوڕی خوادین.
سێیەم: ڕەشەوەند: ئەم تیرەیە لە (ڕەشید) ی کوری خوادیەوەن.
چوارەم: سەفەروەند: ئەم تیرەیەش هەر لە نەوەی ( سەفەر) ی کوری خوداین.

ئیدمۆندز دەنووسێ پاڵەوانیەتی هۆزایەتی و یادەوەریان لە باوکە گەورەکەیان (حەمە-هەمە) تێناپەرێ کە هۆزەکە لەوەوە ئەم ناوەیان وەرگرتووە[٢٣]. بە قسەی کەریم بەگی جاف هۆزی هەمەوەند لە بنەڕەتدا بەشێك بوونە لە جاف[٢٤]، لۆنگریکیش لە بارەی بنەرەتی جافایەتی هەمەوەندەکان هەمان ڕای هەیە و دەنووسێ لە بەناوبانگترین هۆزە چەتەکانی[٢٥] کوردستانی خواروون و لە بنەڕەتدا جافن[٢٦]. ئەم گێڕانەوەیە ئەگەر ڕاستیش بووبێت، بەڵام دواتر هەمەوەند بۆ خۆیان لە ڕووی سترەکتووری پێکهاتەی سۆسیۆ- کۆمەڵایەتیان بوون بە ئیتنیەکی تایبەت و سەربەخۆ. دیارە بە هەمان شێوە دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کەوا پێدەچێ لەگەڵ کۆچی هەمەوەندەکان بۆ باشووری کوردستان هۆزی بچووکی دیکەشیان بەگەڵ کەوتبێ، بە نموونە وەکوو هۆزی (

[٢٣] Edmonds, C, J, *Kurds, Turks and Arabs*, London, Ed. Oxford University Press, 1957, p. 40

[٢٤] عباس العزاوي : *عشائر العراق*، ج ٢ ، منشورات الشريف الرضي، ١٣٧٥، ص: ٧٧

[25] Fomus robber-tribe

[٢٦] Stephen Hemsley LONGRIGG, *Four Centuriers of Modern Iraq*, p. 291.

www.zheen.org

سیتەباسار) Sêtabasar[27] کە دواتر لە ناو هۆزی هەمەوەندا تواونەتەوە.

**سنوری جوگرافیی هۆزی هەمەوەند**

سنووری دابەشبوونی جوگرافی ئەم هۆزە لە باکورەوە: بازیان و چیای تۆکمە، لە باشوورەوە ڕووباری تاوفشوو یان ( تاوغە)، لە ڕۆژهەڵاتەوە زنجیرە شاخی تاسلوجە و بن زەردە، لە خۆرئاواشەوە قەرەحەسەن و شوانی خاسە[28].

**کێشەی سنووری عوسمانی – ئێرانی: لە پەیماننامەی پاریس تا پرۆتۆکۆلی ١٨٦٩**

